حیزب و گوتاری فاشیەت نیگایەک لەسەر تایپەکانی تیرۆر... نەبەز گەران

(1)

لەردا فاشیەت ناوێك نیە لە سیاقی مێژووێكی دیاریكراودا ئاماژەی پێبدەین، بەڵكو ئاماژەیە بۆ گوتارێك لەهەر چركەساتێك لە چركەساتەكاندا، لەشوێن و لە زەمەنێكی دیكەدا بەسیمای جیاجیاوە دەردەكەوێت. ئەم گوتارە یەكێكە لە مەترسیدارترین گوتارەكانی سەدەی بیست و سەدەی بیست و یەك. بەرهەم هێنی ئەم گوتارەش كاپیتالیزم و، هێگوریشە ئایدۆلۆژیەكانە. مەترسی ئەم گوتارە لەویادا كەنابەتەوە خۆی دەردەبڕێت، بۆ پێچوانەوە لەپشت خۆدەرخستنەكەیەوە مەترسیەكانی دەردەكەون. لەهەناوی بەر لەهاتنیدا دیوێكی جەهەنەمی خۆی مەڵاس داوە، كە هەرگیز دەركی پێناكەیت تا گوتارەكە دەتە ئاراوە. سیماكانی ئێوانی لێژەر لەچكی ئەم گوتارەدا خەیان داپۆشیوە، دەیانجار سیمایە. هەریەك لەم سیمایانە ناونیشانێك و شوێنەك و پانتاییەكی بەخۆی داگیر كردوە. بەیە مەترسییەكەش لە پێش خۆدەرخستنیدا دەبینینەوە، چونكە كاتی دەرخستنی برەكجار زەر روكەشانەیە، بەڵام كاتی دەرنەخستنی جوڕە شوێنی روكەش دەگرەتەوە.

سیستەمەكانی ئەم ناوچەیە سیتەمگەلێكن خاڵی نین لەم گوتارە، لەناو سیستەمی دەسەڵاتی ئەمشدا زەر بەرووبی رێژانە دەرگیری ئەم فەزاییە دەبین. بەڵام یەكێك لە كەشە گەورەكانی ئەم سیستەمی دەسەڵاتی ئەمە فرەسیما بوونیەتی. فرەسیمایی تەنها بە ئێوانە كەشە نیە دەیانەوێت دیوەراستەقینەكە بدزنەوە، بەئێوانەش كەشەیە كە خەیان لەناو ئاوێنەكەدان. ئەشت لەدەرەوەی ئاوێنەكە بینەرەكان بەوردبوونەوەیەك فرەسیماییەكە ببینن، لە بوونی ئێوانی لەناوەوەن نەخەیان دەبینن، نە كەی سیماكانیان لەوە دیارە. كاتێكیش سیستەمەكی فرە سیما دەتە بەرامبەرت ناچاردەبیت بەپەی كات و بەپەی دەركەوتنی یەكێك لە سیماكانی خوێندنەوەی بەبكەیت و ناتوانی لەسەر یەك جەر بوەستی و پەویستت بە كاتی دەركەوتنەكەیەتی بە چ جەرێك دەركەوتوە بەو جەرە خوێندنەوەی بە بكەیت. ئەگەرچی رەگوریشە رەژەهەتاییەكە خۆی لەسەر پایەی ستەمكاریی رەژەهەتاتی راگرتووە، لە لەپشت ئەو پایەیەوە كەمەڵك سیمای دیكە دەنە پێش و بە سود

وەرگرتن لەو سیمایانە ڕەگوریشە ستەمکارییەکەی خەبات دەکات. ئاشناترین سیمای دەسەڵات لە ئێستادا بەرزراگرتنی گوتاری فاشییەت و بڕوادانە بە جەرگانی تیرۆر.
بە ئاشنابوون لەیەکێك لەم سیمایانە، لە ئێستادا تەنها لەسەر گوتارێك دەوستین، ئەویش گوتاری ئەویتر سینەوە، ئەویتر تەمەتبارکردن، ئەویتر تیرۆرکردن. یانی گوتاری (تایپەکانی تیرۆر،لەناو فاشییەتدا.)
ئەم گوتاری تیرۆرە بە جۆرێکانیشیەوە تەواوی ریشەکانی لەناو فاشییەت و تەتالیتاریزمدایە. لەهەردوو سیماکەدا بە شێوەی جیاواز و ڕەنگی جیاوازەوە خەبات نمایەکات، بەڵام لەهەر خەنماکردنێك دەبێتە دینامۆیەك بە فاشییەت و تەتالیتاریزم. حیزبی کوردیی بە ڕاست و چەپەوە، بە ئیسلامی و عیلمانییەوە، خاوەن ئایدۆلۆژیایەکن گوتارەکیان پانتاییەکی زۆری لەناو فاشییەت و تەتالیتاریزمدایە. حیزبێك نادۆزیتەوە دینامۆیەك نەبێت بە گەشەدان بەم گوتارە. لەپاڵ ئەواندا چ میدیای ئاراستەکراوی حیزبی، چی میدیای دەرەوەی حیزبی بوونەتە بەرهەم هێنی هەمان گوتار. دونیاکیان بە جۆرێك بەرەنگی ئەوگوتارە ڕەنگ کردووە قەرسە بە کەسی ناوەوەی ئاوەنەکە بتوانێت بە سانایی ڕەنگی دیکە بدۆزێتەوە. بەبێ ئاگا و بەئاگاییەوە لەژێر چەتری دیموکراسی، ناسیونالیزم، مەدەرنە، خەریکی بڕوادانن بەو گوتارە، بەر لەهەموویان دەستەی سەرەوەی حیزبەکان. ئەگەر تەنها وەك هەوڵستێیەك لەسەر یەك وتاری یەکێك لە دەستەی سەرەوەی حیزبەکان بوەستین، ئەتوانین بە ئارگەمێنت دریژەین کە ئەم وتارە، جەوهەرەکەی هەمان گوتاری فاشییەتە و خزمەتە بە ئایدۆلۆژیا قوڵەکەی تەتالیتاریزم و دیاوێت لەرگەی وتارەوە کە پیشەی هەمیشەیی حیزبە، جەرگانی تیرۆر بزیندویی بهێڵێتەوە.

بەر لە هەموو شت،تیرۆر یەکێکە لەو جوانەی لە ناوەراستی سەدەی بیست و ئێستای سەدەی بیست و یەکەوە، هەمیشە خەی دووبارە دەکاتەوە. لەو چرکەساتەی حیزبی کوردی ڕووبەرووی ئەویتری دوژمن دەبێتەوە، لەو چرکەساتەوە ئەم گوتارە لەدایك دەبێت و تائێستاش خەی نوێ دەکاتەوە. تیرۆر تەنها لە چوارچێوەی تیرۆرکردنی کەسایەتی ئەویتری دوژمنا خەی نابینیەوە، بووە یەکێك لە چەکە بەهێزکانی حیزبی کوردی و، هەمیشە بەرامبەر ئەویتر، ئیدی ئەو ئەویترە لەناو خودی حیزب بێت یان لە چوارچێوەی دەوری حیزب بکار هاتووە. شەهیدکانی حیزبە کوردییەکان پێش لە بادەستی ئەم تایپی تیرۆرە. مندااڵکانی حیزب لەسەر ئەوە گەشکراون، ئەوەی لەگەڵ ئەمە نابێت کەوایە دوژمنی ئەمەیە. هەمان میتاد کە فاشییەت و تەتالیتاریزم

خەی لەسەر بونیاد دەنێت، حیزبی کوردیش خەی لەسەر بونیاد دەنێت. ناوەراستی سەدەی بیست سەرەتایەکە بە دەرکەوتنی ئەم گوتارە. کاتی جیابوونەوە و ناکۆکییە ناوخۆییەکانی حیزب چەکە بەهێزەکەی هەردوولا دەبێتە ئەم گوتارە. سەرەتا هەوڵی یەکتر وەرانکردن و پاشان تیرەرکردنی کۆمەڵایەتی یەکتر و پاش ئەوەش تیرەرکردنی جەستەیی دەست پێدەکات.

وەستگەیەك نادڵنیاتەوە ناکۆکی حیزبی و ناکۆکی ناوخۆیی بوونی هەبێت و ئەم گوتارە دەستی بەسەردا نەکێشابێت. خەمباری لەوەداییە هەریەك لەخاوەنانی ئەم گوتارە ئەویتری پێ تەماتبار دەکات لەکاتێکدا هەردوولا خاوەنین. لەشێوە ناوخۆییەکاندا پانتاییەك نامەنتەوە بە دەرکەوتنی بەچوونەکی جیاواز لە م گوتارە. پاش شێوەکانیش ئەم گوتارە کاە نابێتەوە و هەڵدەگیرێت بە کاتی خەی. هەڵگرتنەکەی بە پێکردنی منداڵەکانی حیزبە.
ئەو پێکردنەی بەردەوام منداڵانی حیزب لەسەر ئەوە پەروەردە دەکرێن رقەك لەناخیاندا بچێنرێت و رقەکە گەورەبێت تا دەگاتە ئەو ئاستەی بکەونە ژێر هەیمەنەی گوتارەکە. لەکاتی وەلاوەنانی گوتارەکە پەروەردەیەك ئامادەیی هەیە خەریکی کەکردنەوەی زەخیرەیە بۆئەوەی هەرکاتێك پێویستیکرد زەخیرەکە بە هەمان کارەستەوە بەهێزکی دیکە و سیمایی دیکەوە بێتەوە ناوەوە. هەندێکجار دەستدرێژی ئەم خاوەن ناخە بیمارانە ئەگاتە هەموشوێنێك و تەنانەت ئەوانەش بەم گوتارە تەماتبارەکەن کە بە دیدێکی رەخنەییەوە تەماشای سیستەمەکە دەکەن. ئەوانەی لە چوارچێوەی رەخنە سەیری سیستەم دەکەن، بەگومان بەشێکیان زۆر هوشیارن و لەوە تێدەگەن نەکەونە ژێر هەیمەنەی ئەم گوتارەوە، لە منداڵانی حیزب لە ناهوشیاریان و لە خنکانیان لەناو گەماوەکەدا بە شاردنەوەی گەمژەیی خۆیان لەو دۆزەخەدا، ناچارن پەنجە بە رەخنەگرەکانیش دڕێژ بکەن، ئەگەرچی زۆرێك لەو رەخنەگرانە بە هیچ وەستانێك دوورن لەم گوتارەوە و، لە جیهانێکی جیاوازەوە سەیری سیستەم دەکەن کە هیچ کات منداڵە پەروەردە کراوەکانی حیزب ناتوانن لەو جیهانەوە بە دونیای نوێ بوانن. بە داپۆشینی ئەو نەتوانییانیان لەناو هەژمونی گوتارە فاشییەکەدا سەرقاڵی هەنانی هەموو دەنگەکانن بە لای خۆیان و بەم کردەیان لەبری پشتکردن لە فاشییەت جارێکی دیکە دەبنەوە خزمەتچی فاشییەت!

(2)

-تیرەر و رەگو ریشەکانی لەناو حیزبدا

حیزبی کوردی لەك ئاڵانێکی تەواوەتی لەتەك تیرەردا هەیە. تیرەر بەشەکە لە مێژووی حیزبی کوردی. ئیدی ئەو تیرەرە تیرەری فیکری بێت، یان کۆسایەتی، یان هەرکام لە تاپێکانی تیرەر. حیزب نییە لەناو ئەدەبیاتیدا بەشێکی تەرخان نەکردبێت بە تیرەر. چرکەساتی دروستبوونی حیزبی کوردی، لەگەڵیشیدا چرکەساتی دروستبوونی تیرەری ئەوانی تری دەرەوەی خۆیەتی. گەر نمونەی ئەم چەنجا ساڵەی رابردووی حیزبی کوردی بکەینە وەستگەیەك بۆ وەستان. ئەتوانین بۆ ماندوو بوون دۆیان نمونەی و دۆیان وەستگەی دەست نیشانبکەین کە حیزب چەن تیرەریکردووە بە بنەمایەکی پیشەیی خۆی.
هەبەتە دوای ساڵانی شەستەکان ئەو دیدەی حیزب هەیبوو بە تیرەر گەرانکاریەکی ریشەیی بەسەردا دێت. ئیتر حیزب تەنها یەك دوژمنی بۆگانەی نییە، دوژمنێکی ناوخۆیی هەیە، بۆیە دەبێت دیدی بۆ تیرەر بگوازرێتەوە بۆ ناوخۆ. سەرەتا تیرەرکردنەکە لە تیرەری کۆسایەتی بەچوونە جیاوازەکانەوە دەست پێدەکات و پاشان دەگاتە سەر خەڵکان و پاشان دەگاتە ئاستی مەترسیدار کە کەمەکۆزی خەڵکەکەی و حیزبی تێدا رووبدات.(ئەرە شۆنی لەکەینەوەی تەواو نییە بۆ ئاشنابوون بۆ کردانەی ئەنجامدراون، ئەشێت لەشوێنێکی دیکە لەسەری بوەستین.)
ساڵی شەستەکانی رابردوو ساڵەای دروستبوونی کەی نەخشیە گۆڕەکانی حیزب و کەمەگەیە. ساڵی سەرهەڵدانی چەکە مەترسیدارەکانە. ساڵی دروستکردنی کەمەگەیەکە لەسەر بنەمای ئایدەلۆژیا و بە ئایدەلۆژیاکردنی خەڵ. ساڵی دەست پێکردنی ڕەش و سپی، دەست و دوژمنی ناوخۆ، من و تۆ، ئەمە و ئەوانە، ساڵی یەکلایکردنەوەی ئەو بیماریانەیە کەمەگە لە هەناویدا هەیگرتووە و دێت لە ڕەگەی حیزبەوە ئەو بیماریە بەشەوەی سیمای جەراوجەر، هەم فاشیانە، هەم ستەمکارانە، هەم تۆتالیتریانە تەحقیقی دەکات. ئەگەر شۆنێك هەبێت بۆئەوەی لەوە دەست پێبکەین بە شنکردنەی تەوای بیماریەکانی حیزب، ئەو شۆنە ساڵی شەستەکانە. ئەو ساڵانەیە حیزب خەی دەکات بە تارمایەك و دەچێتە ناو ژیانی کەمەگەوە و دۆیەوێت لە هەموو شتێکی تاك و کە ئاگادارێت. لەو ساتەوەی بەچونی جیاواز لەناو حیزبدا سەر هەڵدات لەگەڵ سەرهەڵدانی بەچونی جیاوازدا تیرەر سەر هەڵدات.

ناکرێت بەبە گەرانەوە بۆ ئەو ساتە مێژووییە ترسناکانە باس لە ئێستا بکەین. ئەوەی ئێستا دۆیبینین بەرهەم و پێگەیاندنی ئەو چرکە ساتانەی رابردووە. ئەو چرکە ساتانەی کە لەشستەکاندا پایەکانی داکوتان و ئەمڕە بە ناوی دیکە و لە سەردەمێکی دیکەدا خەی دەردەخاتەوە. ڕەگوریشەکانی تیرەر بە تایپەجیاکانییەوە لەناو

ساڵانی شەستەکانی حیزبی کوردیدایە خەی پێگەیاندوە. سەرەتای جیابوونەوەکانی بەشەکانی حیزب، سەرەتای دەستپێکردنی دەزەخەکەیە. دەزەخێك کە لەگەڵ خۆیدا کەمەڵك چەمکی هەنا ئەم چەمکانە بوونە نەخشیەك و چوونە ناو گیانی کەمەگەوە و گەشیانکرد. (خوێنەری بەڕێز: ئەو مەدلولە فاشیەی بەعسیش بەشەکی گەورەیە لەوەی نیهەشت ئەو چەمکانە بمرن کە حیزب لە ساڵانی شەستەکانەوە هەنابوونیە ناو کەمەگەڵ، ئەڕە شوێنی باسکردنی کاریگەریەکانی بەعس نیەیە لەسەر کەمەگەڵ، تەنها باسکردنی کاریگەریەکانی حیزبی کوردیی و بەرهەمە دەزەخیەکەیەتی کە ئەمەڕ دەیبینین.)

سەرەتا تیرەڕەکە بە تیرەری وشەی یەکتر بەدوزمن زانین. یەکتر بە خائین زانین، یەکتر بە دژە کورد زانین، یەکتر بە خراپ زانین، دەست پێدەکات. گەر تەماشایەکی بەاوکراوەکان و دیداری کەسە باڵادەستەکانی ئەوکاتی حیزب بکەین، تەدگەین روانینیان بەیەکتر چەند فاشیانەیە. چەن کار لەسەر نەوکان دەکەن جەوهەریان پرکەن لە پەروەردەی تیرەری یەکتری و کەسایەتی یەکتری داماڵن تا ئەو ئاستەی دەست ببەن بە هەموو تەمەتەك بە تیرەرکردنی کەسایەتی. تیرەری کەسایەتی تەنها بەشەك نەبووە لە راگەیاندی حیزب، بەشەك بووە لە تەگەیشتنی سەرکردە حیزبیبەکان و لە زەر شوێندا خەیان بەزمانی خەیان کەسایەتی بەرامبەر تیرەر دەکەن. لە هەندەك شوێندا تیرەرکە باڵدەکێشیت بە تیرەری فیکری و یەك ناوچە بە گوتاری تیرەری فیکریی دنە دەدرەت و دادەپشرەت.
تیرەرە فیکریەکە هەندە باڵادەستی پەیادەکات لەناو هونەری گەرانی وتن و، لەناو ئەدەبدا رەنگ دەداتەوە و، ئەو کەمەڕ شاعیرە مشەخەرەی لەدەوری خوانی حیزب کەبوونەتەوە، لەژەر هەیمەنەی ئەو گوتارە فاشیەدا شیعر دەهەننەوە بە تیرەرکردنی بەرامبەرکەیان. شیعر دەهەننەوە بە ستایشکردنی خەیان و سرینەوەی بەرامبەرکەیان. کەشکەش لەوەدایە بەرامبەرکی بگانە لەئارادانیە، ئەوەی هەیە لەسەر بنەمای جیاوازی تەگەیشتن دروستبووە و جیاوازیە تەگەیشتنەکە پەرتەوازیی لەدەکەوتەوە و بەرەو فاشیەت هەنگاو دەنەت.

گەمژەیە تیرەر جیابکەینەوە لە ئایدەلەژیای حیزبی لە فەزایی کوردیدا هەمیشە تیرەری بە تایپیە جیاوازکانەوە بەرهەم هەناوە. ئەو مەترسیانەی لە ساڵانی شەستەکانەوە دەست پێدەکان چ لەناو حیزب و چ لەناو کەمەگەدا رەگی خەیان دادەکوتن و، لە سەردەمە جیاوازکاندا جارکی دیکە بەریان دەکەوینەوە.

حیزبی کوردیی هەمیشە دوو دیوی هەیە، دیوێکی فریودەرانە کە لە پێشەوەیە و خەی نمایشدەکات و زەردەخەنەی پێوەیە، دیوێکی جەهەنەمی کە لە پشتەوەیە و لە ساتە ترسناکەکاندا دەیبینی و ژیان وەران دەکات. حزبێك نییە بەدەربەت لەم دوو دیووە.
کەی ئەو حیزبانەش لەم دواییەوە دروست بوون لە هەمان چوارچێوەدا خەیان ڕەسم دەکەن. گەرچی هەندێکیان هەر سەرقاڵی گوتارە ڕوکەش گەرایەکەی فاشیەتن، ئەما لەبنەمادا ئەم گوتارە بیرکردنەوەیەکە و بوونی هەیە. لە، دوو حیزبە سەرکیەکەی باشوور، دوو حیزبن بە ئاسانی دەتوانیت بنەما فاشیەکانیان تێدا بدەزیتەوە و لەسەریان بوەستی و تێبگەیت لە بنەوانی ئایدەلۆژیاکەیان.

تیرەری جەستەیی لەناو حیزب و دەرەوەی حیزب سایی شەستەکان دەست پێدەکات. لەگەیشیدا تیرەری فیکری و، تیرەری کەسایەتی دەست پێدەکات. لەوەوە دەت تا دەگاتە ئەمڕی قسەکردنی ئەمە. هەموو ئەو کارەکتەرانەی دەبنە قوربانی ئەم تیرەرانە بریتین لەوانەی لە هەڵی بیرکردنەوەی حیزبێك لایانداوە و بەشوێن دونیایەکی نوێدا گەڕاون.
هەندێك چرکەسات حیزب بە ئایدەلۆژیاکەی خەیەوە دەگاتە ئاستێك بەباکانە هەڵەی سەینەوەی مرۆڤێکی داوە تەنها لەبەر ئەوەی بەچونەکی تایبەتی خەی هەبووە. تایبەتی بوون لەو فەزا ئایدەلۆژیەدا یەکێکە لەترسە گەورەکانی حیزب.(هەرچەن تەتالیتاریزم تایبەتی بوون دەکوژێت و هەمووی دەخاتە چوار چێوەی جەماوەری بوون،حیزبی کوردیش لەسەرەتاوە لەسەر هەمان میتەد بڕوی بەخەی داوە.) تەنانەت حیزب لە خودی بیرکردنەوەش دەترسێت و، کەم نین ئەو قوربانیانەی لەبەر بیرکردنەوە کەوتوونەتە ژێر تەوژمی تیرەرەوە. دیارە کە گەمژەیە مرۆڤ بڕوا بەو دونیا ڕوکەشە بکات حیزب لەرگەی وتارە فیکاویەکانیەوە دەیدات بڕووی جەماوەرەکەیدا، ڤەلە چونکە کەمگەی کوردی، کەمگەیەکە یادەوەری لاوازە و، زیاتر کەمگەیەکی (غەریزە)ییە، نایەوێت جەوهەری شتەکان ببینێت و شەیدای ڕوکەشە. خە گەر ئەم کەمگەیە کەمێك وردتر بیری لەتەواوی ئەو مێژووە بکردایەتەوە حیزب دروستیدەکات، بگومان فەزای ئەستای سیستەمی دەسەڵات بەم جۆرە نەدەبوو کە هەیە. کاتێك کە حیزب خەی هەڵهاتووبووە بە شاخەکانەوە هەڵەی سەینەوەی نەیارەکان و جیاوازیەکانی داوە، دەبێت کاتێك ببێتە دەسەڵات چی ڕووبدات؟ جگەای سەرسوڕمان نییە ببینین زنجیرەی تیرەرەکان بەردەوام دەبێت و، تیرەرکرداو دیاربێت و تیرەرکەر نادیار. جگەای سەرسورمانیش نییە هەمیشە بە داپۆشینی کردەکە، سیناریۆیەکی بەمانا بێتە ئاراوە. ئەمە بەشکە لە سروشت و پەروەردەی حیزبی.

گەر بەنمونە ئاخر کردەی تیرۆر وەربگرین. ئەم کردەیە جیاوازییەکی لەگەڵ سەرتاپای کردەکانی تردا نییە. دەکرێت چاوەڕێی ئەوەش بکرێت سیناریۆییەك بۆتە ئاراوە بۆ ئاوەژوکردنەوەی کردەکە. راستییەکەی ئەوەیە کردەکە لەناو حیزبەوە هاتووەتە دەرەوە. ئەوە حیزب و ئایدۆلۆژیایە نزیکەی پێنجا ساڵە نەوە بەرهەم دەهێنێت لەسەر جەرگەکانی تیرۆر. ئەوە حیزب و ئایدۆلۆژیایە هەمیشە کار لەسەر گوتاری فاشییەت دەکات و خەریکی ئەوەیە بۆ پشت بەستن بە (هەرچی و پەرچی)یەکانی خۆی، هەوڵی لەناو بردن و تیرۆرکردنی بەرامبەرەکانی بدات. ئیدی گەر لەشوێنێکیشدا حیزب بۆ ئاگابوونەوەی لەکردەیەکی تیرۆر، لە هەمان شوێندا دەتوانرێت دەست بۆ حیزب رابکێشرێت، چونکە حیزب دینەمۆی دروستکردنی تایپیەکانی تیرۆرە.
بۆ ئاگایی دەخشبین بۆی بکرانی کردەکە بدزرێنەوە، لەکاتێکدا تیرۆر وەك چەمك و وەك گوتار هەمیشە ئامادەیی هەیە و، بەردەوام حیزب و ئایدۆلۆژیاکەی کار بۆ زیندوکردنەوەی دەکات. لەکاتێکدا دەبێت دەخشبین لە کابووسەوەی تایپەکانی تیرۆر، حیزب دەست لە گوتارە فاشییەکەی هەڵبگرێت و، کۆتایی بەو ریتمەی تێگەیشتن بهێنێت لە پشتیوانە دونیایەکی دزێخی خۆی مەڵاس داوە. چ تیرۆرکردنی ئەوانەی لەسەر جیاوازی تیرۆرکران، چ تیرۆرکردنی ئەوانەی لە هەڵەی حیزب و خۆ لایانداوە، چ تیرۆرکردنی ئەوانەی لە ئایندەدا تیرۆر دەکرێن، بریتین لەو قوربانیانەی حیزب کاری بۆ لەناو بردنیان کردووە. هەتا ئەم گوتارەش بوونی هەبێت، زەحمەتە کۆتایی بەو چیرۆکە بێت کە پێنجا ساڵە حیزب لەناو کۆمەڵگەدا ئیشی لەسەر دەکات.

نەبەز گەران

جیهان لەچەرخی قومارسالارێک دا … نیگار نادر

ئەو ئەستێرەیی ناوزەدکراوە بە زەمین سەهمین گەستێرەی نزیک لە خۆر ، ئەتەسی جیهانی سەر ئەو ئەستێرەیەی لەسەربنەما و بەدەستی سەردارانی براوەی جەنگ ، خودان هێزی بەمبی ناوکی نەخشکێشراوە و

هەبردراوە ، بەبردەوامی سیاسەتمەداران بە ئاوگۆ و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سەروەری ئەو جیهانە، باجی کوشندە دەدەن و جەرەها سیاسەتبازی ڕکدەخەن جەرەها سیستەم دادەتاشن ، بەناو دوا ئاوگۆی سەرکایەتی ئەمریکا هەدەئامێزانە جێگای بەسیاسەتسالاری چەکردو قومارسالاری کردە ئایدیال و براوەی ئەو چەرخە .

بەدرێژایی میژووی مرۆڤایەتی، سیاسیەکان هەمیشە گومان و ترسیان و هەبووە لەوەی نەوەک ڕێژەک وسەردەمێک دابەست جەوی سیاسەت لەدەستیان دەربچێ و سیاسەت بکەوێتە دەست شاعیرونوسەرێک و نەخشەی ئەو جیهانە لەسەر لەبوردەی و خۆشویستی ڕکبخاتە ، یان جەوی ئەو جیهانە بکەوێتە دەست هونەرمەند یان ئابڕکی ڕووحی و نەخشەی ئەو جیهانە لەسەربنەمای دژە بەرژەوەندی و دژە جەنگ داڕێژێتەوە ، بەناو نەخافبوون لەوەی لەپڕ جەوی سیاسەت دەکەوێتە دەست کەنە دەڵاڵی خانووبەر و سەرمایەدارێک و ئەوان و پاڵادایمێ زانستیەکان مایەپووچ دەهێنێتەوە .

جێگای داخە مرۆڤایەتی کەوتە سەردەمێک کە دراو دەبێتە جێگرەوەی مەڵا و ئابووری دەبێتە جێگاچوکەربە هەموو بەهاو پەوەرەکان ، ئێستا کاتی ئەوەیە هەموو قوتابخانەکانی فیکری سیاسی ، فەیلەسوفەسیاسیەکان ، پرۆفیسەرەکانی زانستی سیاسەت ،سیاسەتمەدارە بەئەزموونەکان ، سیاسەتدارێژەر کارامەکان ، شکستی خێان ددانپیدابنێنن و بارگەو تیراژی فیکرو تەورو کتێبێ ئەکادیمیەکان کەبکەنەوە و دەستبکەشنەوە لە پێنووسەکانیان .
هەبژاردنی تەامپ نیشانەیە بە گەڕانی سیستەمەکانی جیهان بە یاریگەلێکی وەک قوماری دیجیتاڵی و بلیاردێک کە گەی زەوی تەپکەیەتی ، سیگناڵێکە بە کەنەی ویژدان و هەبژاردن و سیستەمەکان، ئاماژەیە بە پوچەکردنەوەی مەڵا و ئیتیک و ئاستبەژی ، ستراتیژێکە بە بڕەودان بە شمەکخەری و تایکۆنەکانی بزنس ،زەنگێکە بە سەرکەوتنی ئاستۆکان .

سەرداری سیاسەتی جیهان لەنمایشکی هەیدستایل دا بەخەی و بە هاوسەرە مەدەل ستارەکەی ئەوەی پشتئاستکردۆە کە گرنگ نیە چەندو چۆن پێنەکراوی گرنگ ئەوەیە پێنەی جوانکاری و پێنەی پارە توژێکی جەستۆو مەشکی داپۆشیبی ، گرنگ نیە چەند خاڵی بیت لە بەها بەکو گرنگە چەند سەرەژ بیت لە ژمارە ، چیتر جەی بایەخ نیە کەسایەتیت لەکامە ژمارەبەندی فیکر و مەعریفەدابیت بەکو ئەوەی جەی بایەخە کەسایەتیت لە کوێی ژمارەبەندی تاوەرو بەرسەکان دابیت! .
لەداهاتوودا ترسی گەورە ئەوەیە وەختێک قومارەدارێک دەبێتە

جێنشینی سیاسەتمدارێک ،مەترسیدارترین ئاوێنە سەرکێک دەبێتە سەروەری ئاو جیهانێ کە لەناویدا هزر نا بەکو ماشێنکانی قومار کاردکەن ، ترس ئاوێنە جەوی دونیا دکاوێتەدەست تاوەر بونیادنەرو تاوەر نشینکان و سیستەمێ دادپەروەریکان دەبنە سیستەمی دراوپەروەری .

ئەی چ کارساتێ ئەمە پەدەخینە سەردەمک کە پارێ مەحالەکان دەستێتاوە و پێنووسکان دنوشتنێتاوە، سیستەمی سەرمایەداری وکو فیلمکی هولیود بەرهەمهێنراو لەچقی کوشکی سپی ئا ، چارەی ئەش بەهموو سیستەمکانی ئاو جیهانێ پیشان دەدات ، دروشمی(یان لەگەل ئەمەی هاوەای یان تیرەریستی) هەدەگەینێتاوە بە(یان سپی پێست و سەرمایەداری یان بەچەک و تیرەریستی) .

چ خەمهێناوە پاشکشکردنی عەقڵ و کورتهێنانی مەال ، کورتکردناوەی مرۆڤ لە بەرخەرکی بچوک و بەبێتکی تەرخانکراو قازانجکردن و بەپارەکردناوەدا ، دەبێ لەربەدوا چاوەوانکراو بە لە ئەمریکایکی بەنگشکەری ئازادی دا، پێکەرکانی ئازادی و سەربەخێیی دابگیرێن و ئایکەنکانی بازرگانی و فاشیەن و پەرنە و لە جێگایان بچێسپینرێن، .

ئەی لەو ئایندە تەومژاویەی(ئاپێ و ترامپ و ئاتەم) سێ دوگمەی سەرکی نائاسایشی جیهان بن ،سەروەری سودخەرکان بکارێ جەرەها دیوار هەچنێت چ دیواری بەگەزی ، فیکری ، فەرهەنگی جۆگرافی ،ئاوەی لە سیاسەتێ کەنکرێتکراوکانی هەبژاردنی سەرکی گەورەترین سەپەر پاوەری جیهاندا چاوەوانەکراو بوو سەرکاوتنی فیگەرکی پەرفاشیستی کەمدی بەوتارو گوتار بوو بەسەر فیگەرکی هەکاوتووی ئاسایشی نیشتیمانی یان مەشقپکراو بە سیاسەتی ئەمریکانیزم دا. .

تامپی مەشقدراوی ناو گازنو و باڵ تاریکەکان هات تا بەجیهان بڵی ، ئەمریکا هیچیتر پەویستی بە پەشینی ماسک نێ ، ماسکەکانتان فڕێبدەن ، ماسکی دژە تیرەر ،ماسکی دژە نەژادپەرستی ، ماسکی نەوت بەتاڵانبردن ، ماسکی دیمکراسی چونکە ئەمەی ئەمریکایی چمان گەرەک بێت بەدەستی دەهنین بەقازانجاوە ئاوێش ئاگەر سەالمەتیتان گەرەکە بەدوامانبکەون و ئیتر تەپی زەوی دەخێنە ژەر پێیەکانی خەمانەوە .
زەر بە ئاشکرا دوا ستایلی ئەمریکانیزم نیشانی دا کە سەکسمدارێک بەشانازیەکی نەرسالارانەوە دەت و گوزارشت لە شکاندنی شکەی چەندین خانم دەکاتەوە وبەهەمان پاوەری قومارسازی، قوماربازی بە کەسایەتی

و سەزو شکۆی خانمانی دەوروبەرو هاوسەزی دەکاو لەگەڵ گەنجترین ژنی خێدا نمایشی خەزانێکی سەرکەوتوو دەکات و جیهانیش بە چەپڕەزانکی شکئامەزەو پەسەندی دەکا .
جێی گومان نیە سەرۆکایەتی چەسپاوی ئەمریکا بەنام ئەجەندای ترامپ بە رژهەڵاتی ناوەڕاست و جەنگی تیرۆر و پەست داعش جیاوازی تەدادەبە ، جێی خێیەتی کوردیش بە ئەزموون وبەنەخشەی پەلهاویشتوی خێیدا بچەتەوەو لەناوچەکە بەتایبەت لەباشورو رۆژئاڤا و چاوەڕێی گەڕانکاری و نەخشەداشتن و ستراتیژێ تەومژاوێکەی تەامپ بکات ، یان بە واتایەکی تر هەموو ئەو نەخشە نوێ و پەچەکراوانەی لەسوەی بەش و ئەبامادا بەهەویایان بوو دەبەت لەسوەی تەامپدا چییان لەبەسەربەت؟!.
دەبەت چاوەکانمان ئابهێنین ئەوەی دەبینین فیلمەکی سینەمایی یان دەکیەمێنتاری نیە، ئەوێ تەامپێ بەڕێکەوتووەو دەت بەخێیی و بە قافڵەیەک ژنی هاوشەوەی هوێیود سەروسیماوێ بە هەلیکۆپتەرێک لەمافیاتایپی پەپەلیستەوێ ، بە کەشتیەک لە بزنس ستایلی شە تایپەوێ تا ستراکچەری نوەی ئەو جیهانێ بەعەقڵی نەژادپەرستانەی خەی داڕێژیتەوێ .
لە کەتایی دا هەموومان دەزانین دەشێ ترامپیزم گەژەوکەیەکی بازرگانی ، قومارسازی ، ڕاگەزپەرستی ، بانک بازی بەت کە ئەو جیهانێ ترسناکانێ بهەژێنەت و کاولکات ، بەڵام کەسمان توانی بەرگرتنی نیە چونکە هەر هەوداکی نامێ و کەسکی ناوازێ کە ئەمریکاسالاری پەسەندو پشتەاستی بکا ئەوا ئەو دەبەتێ سالاری ئەو جیهانێ و ئەوچەرخێ بەمەیلی خەی دەسوەنەتەوێ.!

حەقیقەتی نووسەر و وەهمی خوێنەر … ڕزگار عەلی

لەم دوو بەژەی ئابردوودا هەندك لە پەستەکانی نووسەرکی کورد کەمەڵە چالاکییەك بوو لە دەرەوی کوردستانە کرابوو، لە یەکك لە پەستەکاندا هەندك کەمێنت نووسرابوو کە بە قۆی سەرنجی منی ئاکشا، نووسینی کەمێنتەکان بێ نووسەر ئەمانەبوو (خێزگە کچی تێ دەبووم، خێزگە ژنی تێ دەبووم، خێزگە …) کەمەش خێزگە هیوا و

ئاوات نووسرابوو، كه هەموویان ئاماژەبوون بەوەی حەز دەكەن لەگەڵ نووسەر بژین، لێرەدا پرسیارەكە ئەوەیە، ئایا ئەو خوێنەرانە بە دەیانەوێت لەگەڵ نووسەر بژین؟ ئایا نووسەر بە چی تێگەیشتوون؟ ئایا چییان لە نووسەر دەوێت؟ من دڵنیام ئەوانەی ئەم جۆرە خۆزگانەیان هەیە بچوكترین زانیارییان دەربارەی دونیای نووسەر نییە، ئەم جۆرە خۆزگانە ئاماژەیە بەوەی كە كتێبێك، چیرۆكێك یان ڕۆمانێكی نووسەرییان خوێندۆتەوە و كتێبەكە یان یەكێك لە چیرۆكەكانی ئەو نووسەرە بووەتە نایەبترین ڕووداو لایان كە چۆنكی لە ئادەبەری پێبەخشیوون، بەڵێ، چۆنێك و ڕووداوگەلێك كە لەناو چیرۆكەكاندا هەیە و لە واقیعدا نین، واتە ئەوەی خوێنەر دەیەوێت خۆقاندنی ژیانێك و جیهانێكە كە لەناو جیهانی واقیعدا نییە، خوێنەر پێی وایە وەكو چۆن نووسەر دەتوانێت ڕووداوگەلێك بخوڵقێنێ لەناو كتێبەكانی كە بەدڵی خوێنەر بێت دەتوانێت لەناو جیهانی واقیعیشدا ڕووداوگەلێك بۆ ئەمان بخوڵقێنێت، واتە خوێنەر لەناو دونیایەكی خاڵی لەوەدایە كە بوونی كامێ نەبووە و ڕووداوگەلێكی ناو كتێبەكان وایلێدەكات كە وابزانێت نووسەر كامێبوونی پێ دەبەخشێت، ئەمەش وایلێدەكات بۆ ئەوەی كامێنەبوون لای تەواو بێت و بگاتە یەتێپیا نزیكبوونەوە یان كچبوون یان ژنبوونی نووسەر بە ئاوات بخوازێت، بەڵام پرسیارە جدییەكە ئەوەیە، ئایا بەڕاست نووسەر دەتوانێت لەناو واقیعدا جیانكی یەتێپیای بە كچ و ماڵ و منداڵی ببەخشێت، یان دەتوانێت وەكو چۆن حیكایەتێك دروستبكات لەناو ڕۆمانەكانی هەمان حیكاتەیش بە واقیعی بخوڵقێنێت؟ یەكێك لەو فیلمە یەكجار سەرنجڕاكێشانەی كە دیدی خوێنەر و خۆزگەكانی خوێنەرمان بەرامبەر نووسەر بۆ ڕوونەكاتەوە فیلمی (هەڵە لە ئەستێرەكانمان) ئەم فیلمە باس لە كچ و كوڕێك دەكات كە نەخۆشی ژڕپەنجەیان هەیە و بە نەخۆشییەكەوە دەناڵێنن، بەڵام تاڕادەیەك كوڕەكە نیشانەكان چاكبوونەوە و وەزع باشی پێوە دیارە، كوڕە و كچە تا ڕادەیەك نزكیبوونەوە لە نێوانیاندا هەیە تا ئەوەی عاشقی یەكتربوون، ڕۆژێك كچە ڕۆمانێك دەخوێنێتەوە باس لە كوڕ و كچێك دەكات كە عاشقی یەكن و هەمان نەخۆشی ئەمانیان هەیە، ئەمە وایلێدەكات ئەم ڕۆمانە پیشانی كوڕە هاوڕێكەی بدات و دوای لێبكات كە بیخوێنێتەوە، بەڵێ، كوڕ و كچە بە قۆناغی دەكەونە ناو جیهانی ئەو ڕۆمانەوە، ئەو قۆناغبوونەوەی كوڕ و كچە هەم هی ئەوەیە كە خۆیان لەناو ڕووداوەكانی ئەو ڕۆماندا دەبینەوە، هەم هی ئەوەیە نووسەر ڕووداوەكانی ساحیرئاسا خوڵقاندووە، سیحری نووسەر لە ڕۆمانەكەدا ئەوەیە ڕووداوەكانی بە ناتەواوی هێشتۆتەوە، ئاخر بەلای خوێنەر چۆن دەبێت ڕووداوگەلێك هەبن كە كۆتاییەكەی دیار نەبن، بەلای كچ و كوڕە

چۆن دەبێت لەناو کتێبەکە کۆتایی خۆیان دیار نەبێت، چۆن دەبێت نەزانن ئەو کارئەکتەرانەی ژێرپەنجەیان هەیە کۆتاییان چییە، ئایا چاکبوونەتەوە، یان بەرەو پیر مەرگ ڕۆیشتن؟ بەڵێ کچ و کوڕە بێ عەوداڵی ئەو پرسیارانە عەوداڵی نووسەر دەکەون، ئیمڕۆل لەسەر ئیمڕۆلی بێ دەکەن، تا دواجار نووسەر کە لە شارێکی تر وەڵامیان دەداتەوە و بە داواکارییەکەیان ڕازی دەبێت کە یەکتر بینینی بکەن، کچە کە نەخۆشییەکەی لێی پیس کردووە و دکتۆرەکان ئامۆژگارییان کردووە کە بە هیچ جۆرێ نابێت سەفەر بکات، بەڵام کچە تەنیا یەک خۆزگەی هەیە ئەویش ئەوەیە (نووسەر) ببینێت، ئەم خۆزگەیەش تاڕادەیەک زۆر لەو خۆزگانی سەرەوە نزیکە، خۆزگەی ئەوەی کە نزیکبوونەوە لە نووسەر ژیانێکی بێ عەیب و موتەکاملت پێ دەبەخشێت، نزیکەبوونەوەیەک کە نووسەر دەتوانێت وەڵامی بۆکۆتایی پرسیارگەلێک بداتەوە کە واقیع ناتوانێت بیداتەوە. بەڵێ کچە دواجار مجازەفە بە ژیانی خۆی دەکات و لەگەڵ کۆڕە و دایکی سەفەر دەکات بۆ لای نووسەر. لەیەکەم ساتدا لە دەرگای ماڵی نووسەر دەدەن و ژنی نووسەر دەیکاتەوە، ژنەکە فەرموویان لێدەکات بۆ ژووری نووسەر، بە خەیاڵی خۆیان نووسەر دەبێت موتەکامل بێت، دەبێت لەباوەشیان بگرێت، دەبێت ماچییان بکات، دەبێت بە پێکەنینەوە فەرموویان لێبکات، بەڵام چی ڕوودەدات؟ نووسەر بە پیچامەیەکی خەت خەت و بۆباکانە، بەڵام بۆباکییەکی ناوەکی نەک دروستکراو و ڕوویەکی گرژ پەرداخێک ویسکی بەدەستییەوەیە و دەخواتەوە و لێیان ڕادەمێنێت کە میوانەکانی چەند (گەشبینن) یەکسەر ئاماژە دەکات کە هەڵە بووە وەڵامی ئیمڕۆکەی داونەتەوە، لەگەڵ ئەمەدا گرانییەکی بێ مانای ڕاپ دەخاتە سەر ڕێکردەرەکەی کە تەواو کچ و کۆڕە هەرەسان دەکات، هەر لەسەرەتاوە پرسیاری ئەوەی کە نووسەر بەرزترین و بە بەهاترین و بە ئەخلاقترین کەسە بەلای خۆیەنەردا خاڵی دەبێتەوە، نووسەر ئاماژەکانی بێ ئەوە دەڕوات کە ئێوە هەڵەن خۆزگە و ئاواتەکانتان لەسەر کەسایەتی من بنیاد دەنێن، نووسەر پێمان دەڵێت بە (قەولی ڕۆلان پارت) دەبێت ئێمە بکوژن بێ ئەوەی دەق لەدایکبێت. بەڵێ کچە بە شۆکێکی سەرەتاییەوە دێتە سەر ڕێمانەکە، کچە باسی کۆتایی کتێبەکە دەکات، نووسەر بە هاوکێشەیەکی ئەوەی کە ((بۆکۆتایی کۆتایی نایەت)) وەڵامی کچە دەداتەوە، کچە دەڵێت: ((ئایا ئەو دوو کارەکتەرە چییان لێدێت، ئایا کۆتاییان چییە، ئایا داهاتوویان چۆنە، ئایا چی ڕوودەدات؟)) کچە لەگەڵ ئەم پرسیارانەدا هاوار بەسەر نووسەر دەکات، نووسەریش هاوار بەسەر کچێک دەکات کە موجازەفەی بە گیانی کردووە و هاتۆتە لای و دەڵێت: ((هیچ ڕوونادات، ئەوانە هەمووی خەیاڵن، دوای تەواوبوونی ڕۆمانەکە بوونیان نامێنێت)) کچە دەڵێت:

((ئاخر نابێت)) نووسەریش بەباکانە دژەقانە ئاماژە دەکات: ((ئارەزووە منداڵییەکانت کۆشەی من نین، هەتیدەکەمەوە بەزەیم بە تۆدا بێتەوە، چارەنووست ئەوەیە کە نەخۆشیت و چاوەوانی ئەوە دەکەیت ژیان دوای ژمان بوونی هەبێت)). لەوانەیە لەیەکەم بینینی دیمەنێکی واهادا بیرۆکەی ئەوەمان لا دروستببێت کەسێك دەبێت چەند دژەق بێت کە بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ کچ و کوڕکدا بکات نەخۆشییان هەیە و کاتێکی کەمییان ماوە بۆ ژیان، بەڵام ڕاستی بابەتەکە و هەڵەکە عەوداڵبوونی خۆنەرە بەدوای ژیانی ڕاستەقینەی نووسەر، نووسەر لە شوێنێك دەژی ناتوانێت یەتەپیا بۆ ئەوانی تر بخوێنێت، سیمبۆڵ و دیمەنەکانی واقیعی نووسەر ئەو ڕووئیایە نییە کە خوێنەر لەسەری بونیاد ناوە، بونیادنان بەو مانایەی چۆن بتوانیت کارئەکتەرێك، دیمەنێك و شارێك بخوێنێت لە کتێبەکاندا بشتوانێت هەمان شت لە واقیعدا بخوێنێت، سومبول و دیمەنەکانی واقیعی نووسەر کتێبخانەیە، حەقیقەتی نووسەر مامەڵەکردنە لەگەڵ خەیاڵی مرۆڤێکی حەقیقی، ئەوە خەیاڵی مرۆڤە ڕووئیای مرۆڤمان بۆ ڕوونەدەکاتەوە. لێرەدا نووسەر شتێك دەبینێت کە خوێنەر ناتوانێت ببینێت، بینینی ئەو شتە بۆ نووسەر لای خوێنەر یەتەپیایە و خوێنەر دەیەوێت بگاتە ئەو یەتەپیایە، بەڵام ئەو یەتەپیایە لای نووسەر تراژیدیایە، واتە لای نووسەر مامەڵەکردن لەگەڵ نووسین و خەیاڵ دەبێتە دژینەوەی دژی تراژیادی لای مرۆڤ، بەڵام کارەساتەکە ئەوەیە ئەو تراژیدیایە خوێنەر بە یەتەپیای دەزانێت. کۆمیدیاکە ئەوەیە نووسەر تراژیدیای لەناو خودی ئەوانی دیکە و خوێنەر دەبینێتەوە، بەڵام خوێنەر دەیەوێت بگاتە نووسەر، نووسەر دەیەوێت تراژیادی ناخی خۆیان پیشانی بدات بۆ ئەوەی چارەسەری بکەن، بەڵام خوێنەر لە جیاتی ئەوەی بە کۆمەکی نووسەر بگەڕێتەوە ناو خودی خۆی دەیەوێت بێتە ناو نووسەر. مامەڵەکردنی خوێنەر لەگەڵ نووسەر بۆ ئەوەی بێنە ناو ژیانی نووسەر گەورەترین هەڵەی بیرکردنەوەی خوێنەرە، ناو خودی نووسەر شوێنێك نییە تا ژیانێکی یەتەپی بۆ خوێنەر ببەخشێت، ناو نووسەر شوێنێك نییە ئارامی لێ سەوز بێت، بەکو شەڕکی بکۆتایی لێ سەوز بووە، شەڕك کە ئەو ژیانە پڕپڵیستی دەرەوە ناتوانن ئاشتییەکی درزنانەی پێببەخشن، دەرەوە ناتوانێت لەگەڵ واقیعی نووسەردا بژی، نووسەربوون لەسەر تۆران لە جیهانی دەرەوە بونیاد دەنرێت، مامەڵکردنی نووسەر وەکو ژیانی ئاسایی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا نییە، بەکو ژیانی ئاسایی نووسەر بونیادنانی فیکرەی جیاواز و ئایدیای جیاوازە، تۆ داوای کۆتایی چیرۆك لە نووسەر دەکەیت لەکاتێکدا فیکرەی نووسەر کۆتاییهاتنە بە کۆتاییەکان، کۆتاییهاتنە بە ڕەهاکان، هیچ

کۆتاییەك و فیکرەی کۆتایی لای نووسەر پەسەند نییە، بەڵکو ئەوە فۆرم بە نووسەر دەبەخشێت ئەو شێوە بەردەوامەیە کە لەناو نووسەردا هەیە و هیچ کۆتاییەکی نییە، هەر کاتێك نووسەر گەیشتە کۆتایی، گەیشتە کۆتایی شەڕی نێو ئایدیاکانی ئەوە نووسەربوونیشی گەیشتە کۆتایی، کەواتە ژیانی ئاسایی نووسەر لەگەڵ شێوە بەردەوامەکانی ناو خۆیەتی، ئەم شێوە ناو نووسەر دەتوانێت ژیانێکی باشتر بە ئەوانی دیکە ببەخشێت، بەڵام هەر کاتێك خۆنەر لە ئایدیاکان هاتە دەرەوە و ویستی کەسایەتی نووسەر ژیانی پێببەخشێت ئەوە هەڵەکەیە، نابێت خۆنەر هەرگیز بیر لەحەقیقەتی دونیای نووسەر بکاتەوە، نووسەر خۆی وەڕان دەکات لە پێناو ئەوان، هەڵە گەورەکەش ئەوەیە ئەوان لە جیاتی ئەوەی بیانەوێت مامەڵە لەگەڵ ئایدیاکان بکەن مامەڵە لەگەڵ ژیانی دەکەن و خۆزگەکانیانی لەسەر ئەو بونیاد دەنێن، کێشەی نووسەر کێشەی (مانع و جمع) یان دەبێت لەگەڵ جیهانی پێپۆلیستی بێت یان لەگەڵ ئایدیاکانی، ئەو ئایدیانەی کە نووسەربوونی پێدەبەخشن. بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە نووسەر پشت لە جیهان دەکات، بەڵکو پشت لە تەئویل و تەفسیری جیهانی پێپۆلیستی دەرەوە بۆ جیهان دەکات، یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی نووسەر ئەوەیە ئامرازێکمان دەداتێ بۆ ئەوەی لە زەمەن تێبگەین، بەڵام ئەو زەمەنە نا لە ژیانی ڕاستەقینە هەیە، وەکو ماریۆ ڤارگاس یۆسا دەڵێت: ((لە ژیانی ڕاستەقینە زەمەن شتێکە قوتمان دەدات))، بەڵکو ئەو زەمەنەی کە ڕاستەقینەی بونیاد ناوە، زەمەنی ئەودیو ژیانی پێپۆلیستی.

خواستی نەتەوایەتی و ویستی ئۆلیگارشی … بەشی دووەم … و سێیەم… نجمەدین فارس

[بۆ خوێندنەوەی باشی یەکەمی ئەم بابەتە کلیکی ئێرەبکەن … باشی یەکەم]

بەشی دووەم...

هێزەکان و سروشتی هێزی سێهەم :

بە ئاوەژووی باس لە هێزی سێهەم بکەین , پێویستە دەستنیشانی ڕەگ و ڕیشەی پێکهاتەکەی بکەین ,ئامانج و بزاوت و سیاسەت و میتۆدی و پەیوەندی و لۆگۆی هێزەکانی دەورووبەری , بە دژ و هاوتاکانیەوە بزانین , چونکە جیهان دوو هێزی دژ بە یەك و دوو جۆر بزاوتی سیاسی تێدایە , دوو کۆمەڵەی جیاواز لە بەرژەوەندی و لە ئامانجدا ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئاوەژووی هێزی سێ یەم دەست نیشان بکەین , ئایا هێزی سێ یەم هەیە ؟! یان تەنها ناونان و ڕەنگکردنە , بە بۆچوونی من هێزی سێهەم نیە ,چونکە دنیا لە نێوان زۆردار و زۆمەڵەکراو دابەش بووە , ئیتر هێزێکە لە کام ڕەنگ بێت , لە ڕەنگی جیاوازەکانی دوو باوەڕەکەن , چونکە باوەڕی ڕەنگەکانی سەرمایەداری و بەرژوازی , ڕەنگ و ڕوخساری جیاوازییان هەیە و یەك ئامانجن , لیبراڵەکان , نەتەوەییەکان , لیبراڵە نوێکان , لیبراڵە کلاسیکەکان , دیموکراتەکان , محافزکارەکان , سوشیال دیموکراتەکان , گەلێکان , بیرەکراتەکان , دیکتاتۆرەکان , تەکنەکراتەکان , علیمانێکان یان خاوەن کارەکان ..... هتد .

ئەمانە هەموویان ڕەنگی جیاوازەکانی ناو باوەڕی سیاسێکانی سەرمایەدار و بەرژوازییەکانن , هەروەها ئەتوانین چەپەکانی ئێستاش بە هەمان چاو سەیر بکەین بە جیاوازییەکی ڕوکەشییەوە , لە بەرامبەریشدا , یەك هێز هەیە هێزی چینی زەحمەتکەش و کرێکارانە , ئەمەش ئاگاڕ بە پێڕەو پڕۆگرامێکی مارکسیستیانە و سوسیالیزمی زانستی , بیر و باوەڕ و پڕۆگرامی بزاوتنەکیان سیخناخ بوو بێت و جیهانبینیەکی واقعی و ڕاستی سەردەمیانەیان هەبێت , بە پێی پێویستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری ئاو چینە پان و بەرینەی کۆمەڵگا , ئامانج و ستراتیژیان ئاراستەی کۆمەڵگا و سیستەمەکەی کردبێت . واتە لە جیهان و لە ناو یەك بە یەکی ووڵاتەکانیدا , باوەڕەك لە ڕەنگ و ڕوخساری پارتایەتی و بزاوتی فکری و سیاسی هەیە و هەموشیان یەك ئامانج و پراکتیکیان هەیە . لە ووڵاتی عێراق و لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی , ئەتوانین هەموو حیزبەکانی بخەیتە ناو ئاو باوەڕە ڕەنگدارەوە , لە بەرامبەریشدا , هێزی خەڵك و ئاگاڕ تەکۆشەرەکانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی هەبێت , لە نێوان ئەم دوانەدا هێزی سێهەم نیە , ناونانی هێزی سێهەم , چەواشەکردنە و پاشکۆکردنە بە هێزی ڕاستەقینەی دووەم و

خەخزانـــدنە نـــوان ئەو دوانە لە بەرژەوەنـــدی هەـــزی یەکەمە و چەواشەکارییە .

هەزی یەکەم و بە ناو سێ یەم دەکەونە بەرەو , دژی بەرەکەی تر و بنەما شـــۆشگـــێیەکانی یەتی . نابەت , ئەوەشمان لە بیر بچێت , لە سیستەمی سەرمایەداریدا , لە پشکەوتوو دواکەوتویدا , دووبارە هەیە , بەرژوازی و سەرمایەداران بە حیزب و رێکخراو , و ناونیشانە جیاوازەکـــانییەوە , لە بەرامبەر دا بەرەیەك کە لە کرێکـــاران و زەحمەتکەشان و پرۆلیتاریا لەگـــڵ کەمۆنیستە زانستیەکان هاوخەباتی و ئامانجی سیاسی و چینایەتیان هەیە . تەنها ئەمانن دەتوانن بەرامبەر بە بەرەی کۆنەپەرست و بەرژوازی بوستتەوە و گەرانکاری ڕیشەیی لە کەمـــگا دا دروست بکات , ئەو کاتەی ووردە بەرژوا دە بەوە خەش دەکات , هەزی سەهەم , دوو حیزب یان سیانیان دان بەودا ئەنێن هەزەك لەگـــڵیاندا بە ژمارە لە دوایی خیانەوەیە , لەبەرەو بتەوەت ڕاستی پراکتیك و تیۆری خەت بسەلمێنیت , ئەم بیر کردنەوە و تـــوانینە پووچ و بە مانایە ، کەمۆنیستەکان هـــگری ئاوا بیرەك بن . ئەوەشمان لەبیر نەچێت , هەر هەزەك لە دوای هەزی تریەوە بوو , هەوڵبدات دەوور و کاریگەری لەسەر هەزەکانی پێش و دوای خۆی دابنێت , نەك بە ووتە و قسەی لە گیرفانکراو , بەڵکو بە کردار و تیۆری کەمۆنیســتانەی شۆرشگـــڕانە , جە بە هەزەکـــانی بەرەی بەرژوازی و سەرمایەداران و ئەلیگـــارشی سیاسی و ئابووری لەق بکات و ئەگەر توانرا لە ڕێگەوە دەریبهێنێت , و ئەرك و فرمانی لە بەدەست هەنانی سەروەریەکان بە مرۆڤایەتی بگـــێتەوە و لە خەباتیاندا بەدەستیەوە بگرێت و بەدیان بهێنێت و بـــەی ژێر پیان دەربهێنێت , چونکە تەنها هەزی شۆرشگـــڕە لە ئەمـــەی سیستەمی سەرمایەداری (دیموکراسی و لیـــبرالی) کەمۆنیســتە زانســتیەکانە , هەزەکـــان بە فەوفیشـــاڵی تیۆریزان و سیاسەتمەدارە خیاڵ پڵاوەکان گەورە نابەت .

ئەگەر لە واقیعـــدا بوونیـــان نەبـــێت , لە خەوە و بە خەیـــاڵی ئەندێشمەندانە , هەزی خەت گەورە پیشان بدەیت , وەکو فوو کردن بە میزەڵەدانداید , ئەبەت ڕاستی هەزی خەت لە بەرامبەر هەزەکانی تردا بزانیت و دەستنیشانی ئەرکەکانت بکەیت , بە ئەوەی کار و کرداری خەت بە لەزانیەوە لە بەرامبەریاندا جەبەجێ بکەیت . واتە ئەوەی کە ئەبەت کەمۆنیستەکان بیکەن , هەـــسەنگاندنی زانستیانەی واقعییە بە هەزەکانی خەیان , تا بتـــوانێت لە کاتە جیاجیاکانـــدا , ئەرك و ئامانجەکانی بە باشی وڕاستی ودروستی بباتە پێشەوە و جەبەجێ بکات .

لە ئابردوودا چەپ , خۆی بە هێزی سێیەم ئەچواند , بەڵام لە ئێستادا قسە وباسکی تریان هەیە , لەهەردوو سەرجەم جیاوازیکدا , فۆفیشاڵ و ناڕاستی هەڵسەنگاندنکانیان , لەگەڵ نەبوونیان یەکسانی کردوون , ئەوەی لە ئابردوودا ئەیان بۆژا , هەروەها هاوبیرکانیان کاوژیان دەکردوە , لە وەهم زیاتر هیچی تری لە سەوز نەبووە, ئەوان دەڵێن "تەنانەت بە باوەڕی دوو حیزبە ناسوونالیستە سەرکیەکە خۆشیان , هێزی سێهەم هەر ئێستا لە مەیدان دایە ئەویش (ح.ك.ع)ە"(9)
لە پەرگرافەکەدا , ئەوە دەبینرێت کە لە ئابردوودا چەپ بە میکیالی خۆن وخەیاڵ واقعیان هەڵسەنگان , ئێستاش ئەو دیدگایەی ئابردووییان نەگۆڕیوە و ئاستیان درک نەکردووە .لە(ح.ک.ک.کوردستان)دا،هێزی خەیان لە ڕیزبەندی ژمارەییەوە دیاری کردوە. کە ئەمەش پەیوان ودیدگایەکی نا ڕاستە و تەنها بە میکیالی حیزبەکانی هەرێم جگە و ڕەگەی خەیان دەستنیشان دەکەن , لە ڕاستیشدا هێزی چەپ لە هەرێمی کوردستاندا بە تیۆر و پراکتیکیش , بەشێکی دانەبڕاون لە سیاسەت و میتۆدی سەرمایەداری و دیوی ئەودیوی یەك دراون , حیزبە کوردیەکانی وەك پارتی ویەکێتی یان بە ناسیونالیست ناوزەند دەکردو کردووە , نازانم ئەمانە چ پەیوەندیك و تێڕیێکیان بەکارهێناوە و بە ناسیونالیست ئەیان ناسێنن , بەڵام لە ڕاستیدا پارتکانی هەرێمی کوردستان بە ئاینی و نائاینی و بە یەکێتی وپارتیشەوە , نەناسیونالیستین و نە نیشتمانیشن , پێکهاتەکانیان و بیرو کرداری سەرکردەکانیان , هی ووردە پەرژوازی کەمپرادۆر و مشەخۆری دەکەن , چین وخەزانی ئەلیگارشیان پێکهێناوە و بەجگە لە گیرفان پڕکردن و تاڵان و بڕی سەروەت و سامانی ووڵات کارێکی ئەوتۆ بە ئاڕاستەی خزمەتکردنی ئازادی وسەربەخۆیی کوردستان ئەنجام نەداوە , لە خەیاڵدانیدا وای داناوە دوو حیزبەکەی کوردستان ناسیونالیستن و بەم پەوڕەش ئەمان دەبنە کەمەنیست .

هەروەکو لە پێشتردا ووتمان کراونەتەوە , دووبارە هەن , کەچی چەپ کردوونی بە سێ هێز و سێ بارە , ئەمەش بەجگە لە هاوتابوونی سیاسیانەی هێزکان هیچ هێزێکی تر دروست ناکات , سۆشیاڵ لیبراڵ بەت وەکو چەپکان , مشەخۆرکانیش وەکو حیزبەکانی تر , هیچ جیاوازیەك دروست ناکات . ئیتر هەزی یەکەم و دووەم و سێ یەم هیچ نییە بەجگە لە دڕێکی ڕووت , کراس بینە بە بڕگی شڕە بەفرینەدا , و ناونانیان بە ناسیونالیست وکەمەنیست , هیچ نییە لە دروستکردنی پاساو نەبەت بە ناونانی هێزکان و ناتوانەت لە بازنەی چەواشەکاری دەربچەت , دەروبەری پێ لە خشتە دەبات .

ڕەوتی چەپ و حیزبەکانی تری هەرەمی کوردستان , هەنگری دیان بیری ڤایرەساویی و نەخشی , خەبە زل زان و یەکەم حیزب و حیزبی گەورە و دیان ناونیشانی ترن , بە ناونیشان مەدەرن و بە ناوەك كلاسيك و کۆن و کۆنەپەرستن , لە بەرئاوەی چەپ دنیایەکی خیالیان لە ناو واقعەکی عەینیدا دروستکردووە , نەیان توانیوە کاریگەری لە سەر بیر و نەستی کەمە دابنەن و ببنە هێزی بەرامبەر , هەروەها بزاوتی کرێکاران و زەحمەتکێشانیان بە ئاراستەیەکی دروستدا پاڵکێش نەکردووە و ئەرکەکانیان لە مەژووی مرۆڤایەتیدا ڕوون و دیارنەکردووەتەوە , هەر بۆیە ئەو هێزە نەیتوانیوە و ناتوانێت ملیمەك بزاوتی چینایەتی بباتە پێشەوە و ڕابەرایەتی بکات . لەبەر ئەوە ئەمانیش هاوڕاز و هاوکاری بەرژوازین و دەسەاتی سەرمایەداری قایم و تونەد و تەە دەکەن , ڕەنگەکانی باوەە ڕەنگدارەکەن , سەردەمی ئێستا ئەوەی تێپەراندووە , کە چاو لە تەزەك کەمو کوڕی بنوقەنیت , یان لە حساباتی خەتدا , سەرچاوەی پوختی تیەریی و زانستی بە هەند وەرنەگریت .

کاتەك دەڕەن لەبەر ئەوە ناتوانن ببنە هێزی یەکەم , لەبەر ئەوەی کەمەگای پلورالیستی جێگیر و پەرلەمانی نیە لە هەرەمی کوردستاندا , ئەمانە هەمووی پاساوی درێینانەن و ناتوانێت ملیمەك لە کورتی و درێژی قوماشە سیاسیەکیان بگەەت , چونکە کەمنیستەکان لە پەناوی بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خەڵك و ئامانجەکانی کرێکاران و پرلیتاریا , جاری کەمەگاکانی بە گرنگ نیە , بە پێی داخوازیەکانی و پێویستیە ڕاژانەیی و مژویەکانی ئەندامانی کەمەگا خەبات و تەکۆشان دەکات , ئیتر دەسەاتی دیموکراسی , لیبراڵی یان پلورالیستی بێت ... هتد .

ئەو دیدگایەی ئەوان ئەگەتەوە بە خشباوەییان بە کەمەگایی پلورالیستی , و پەرلەمانی , بە بڕوای من بە خەکی زەحمەتکێش و کرێکار و هیچ جیاوازیەکی ئەوتە نیە , کەمەگا جێگیر بێت یان ناجێگیر , هێزی یەکەم و دووەم و سێیەم دیاری ناکات . بەکو دەبێت کەمنیستە زانستییەکان هێزی یەکەمی خەبات وتەکۆشان بن لە پەناوی ئامانجە دوور و نزیکەکانی پرلیتاریا , لە هەموو دەورانێکی سەرمایەداریدا جێگیر بێت یان ناجێگیر . لە ڕابردووەدا چەپی ئەران ئامۆژگاری (ح.ك.ع) ی ئەوسای دەکرد و ئێستاشی لەگەدا بێت بە هەمان ئاوازی ڕابردوو دەخوێنن , لە ڕابردووەدا دیان ووت "هێزی سێیەم یان دەبە ببێتە هێزی یەکەم , یان دەبە تەماشەکەری ئەوە بە کە چارنووسی کوردستانی عێراق لانی کەم لەم دەورەیەدا ,

بەرژواکانی بیکەشن ,..... "(10)
چەپ لە ئابردوو لە ئێستاشدا ڕێگا چارەی دەربازبوونی لە زرووفی سیاسی کوردستانی عێراق , هەمان بڕوا و بۆچونیان هەیە , ئۆباما گرتنەبەری ڕێگا چارەی (UN) ی لە ڕگەی چاودێریکردنی هەڵبژاردنەمی جیابوونەوەی کوردستانی عێراق , لە دەوڵەتی ناوەندی عێراق . لە ئێستاشدا حیزبەکانی دەرەوەی چەپیش هەمان بڕوا و دیدگایان هەیە و ڕێگە چارەکە بڕوە دەبنین کە لە پێشتردا باسیان کردووە , کێشەی نەتەوایەتی ناتوانرێت لە ڕگەی ڕێکخراوەکانی (UN) و دەزگاکانی تریەوە ئەنجام بدرێت هەتا هاوڕاتیانی نەتەوەکە و هەروەها نەتەوەکانی تر یەکدەست بڕیار لەسەر جیابوونەوە و سەربەخۆیی نەدەن . چونکە ئەزموونی لەوەو پێشی زەرن , کە ڕێکخراوە جیهانیەکان ناتوانن ئەو ئەرکە لە ئێستە بگرن و جێبەجێ بکەن , بەم پێیە چەپ جوانترین و تەکمەترین و نوێترین فۆرش بە ژێر پێ ی سەرمایەداری و بەرژوازی دروست دەکات . چەپ بە هەی سیاسەت و بڕوای هەڕەوە لە ئابردوو ئێستادا, نەیتوانیوە جەماوەری ببێتەوە .

هەربۆیە ناتوانێت دەورو کاریگەری لەسەر زروفە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و بابەتیەکان هەبێت و دابنێت . هەمان وەڵامی بەرژوازی و سەرمایەداری و دەزگاکانی هەبێت. ناتوانێت چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی بکات . هەر وەکو ناکارامەییەی کە چەپ هەیەتی , ئیتر هەزی یەکەم بێت , یان سێهەم , هیچ لە بابەتکان ناگۆڕێت , چونکە ڕێگە چارەی چارەسەری کێشەی نەتەوایەتیان نی یە .

بەشی سێهەم

دەوڵەتی نیشتمانی و خەش باوەڕی ووردە بەرژوازی :

دەوڵەت بە پێی پێناسەی سیاسی و جیۆسیاسی , پێکدێت , لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی زەوی , یان جوگرافیایەك , کە گەلەك یان کۆمەڵەك کەس , لە ژێر سایەی سیستەمێکی سیاسیدا , تێدا دەژین , جا دەوڵەت ناوی دەوڵەتی نیشتمانی , نەتەوەیی , لیبڕاڵی , یان هەر ناوێکی تری هەبێت , کۆمەڵەك لە دەسەڵاتدا , کۆمەڵکەی زەری کۆمەڵگا دەخاتە ژێر کاریگەری بیر و بڕوا و سیاسەت و ئامانجەکانی خۆیەوە , دەسەڵات و بەرژەوەندیەکانی ئەسەپێنێت بەسەریدا و جیاوازی چینایەتی , ئابووری , سیاسی , کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەبێت و دوو چینی دژ بە یەك و جیاواز دروستدەبن.

بە جۆرێکی تر ژیانی ئابووری و دژایەتی دروست دەبێت لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا , دەسەڵات لە ڕگەی دەزگای پۆلیس و هێزی

سەربازی و هەواڵگرییەوە , جەنگاوەرانی دەسەاتی خۆیان دەسپێنن و بەرگری لە بەرژەوەندییەکانیان دەکەن و ناعەدالەتی پێ بەرجەستە دەکەن .
دەوڵەتی سەرمایەداری , کرێکاری ، نیشتمانی ,یان نەتەوەیی و بە هەموو جۆرەکانیەوە , چەوسانەوە و زاڵکردنی دەسەاتی کۆمەڵگە بەسەر کۆمەڵگەی تردا . بەڵام لە دەوڵەتی کرێکاریدا , لە پێناوی فەوتان و لەناوبردنی خێی دەسەات بە دەستەوە دەگرێت , و جیاوازییەکی گەورە و بنەڕەتی هەیە لەگەڵ جۆرەکانی تردا , سەرەتای دەرکەوتنی دەوڵەت , دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی دوو چینی جیاواز لە یەکتری , واتە "دەوڵەت بەرهەمی ململانێیەکی ئاشتی چینایەتی یە"(11)
ململانێکان لە مێژوودا , بۆ پێی کات و سەردەمەکی و فۆرمی دەسەاتەکی دەگۆڕێت و توندوتیژی زیاتر , کەمتر ئەو ڕاستیە ناشارێتەوە کە ململانێ لە نێوان چینەکاندا هەیە ." دەوڵەت بەرهەم و دەرکەوتەی جیاوازی چینایەتی ئاشتی ,. دەوڵەت بابەتیانە دروست دەبێت , بۆ پێی ڕادە و مقداری جیاوازی چینایەتی , لە حاڵەتێکدا کە ڕێکەوتن لە نێوانیاندا ئیمکانی نییە , وە بۆ پێچەوانەوە , بوونی دەوڵەت , بەگەی ئەوەیە کە جیاوازی چینایەتی ڕێکەوتن دروست نابێت لە نێوانیاندا" (12)
ڕوودانی ئەمش پێیوەندی بە هەموو ئەو جیاوازییەوە هەیە کە لە نێوان باڵادەست و ژێر دەستەی سیستەمەکاندا دروست دەبێت , کاتێك دەوڵەت پشتگیری خاوەن سەرمایە و زۆییەکانی دەکات لە بەرامبەر کرێکارەکان یان جووتیارەکان , یان کۆیلەکان دەکات هەر لە کۆنەوە , جیاوازییەکە فراوانتر و دژایەتیەکانی نێوانیان توندتر دەبێت .
دوای ئەوەی سیستەمی کۆمانی سەرەتایی ووردە ووردە دەگۆڕێت بە کۆبونەوەو دروستبوونی هاوخوێنی و کۆمەڵی بچوک وعەشایەری وکۆمەڵگا دەگۆڕێت، لە هاوبەشییەوە بۆ ئیشکەر و بەرخەر, بۆ دەسەاتدار و سێرکەر, بۆ خاوەن مڵك و ماڵات و بەخۆکەری, سەرەتایی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و پێیوەندییەکان, سیستەمی سیاسی و دەوڵەتی لەو پەکدەت.
"یەکەم هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەت , بە تێکشکانی پێیوەندی خێڵەکی (عەشائیری) دەست پێدەکات , ئەویش بە دابەشبوونی ئەندامانی هەموو خێڵێك بۆ ئەندامی باش و خراپ (جیاواز لە ڕووی دەور و کاریگەریان بەسەر پێیوەندی خێڵەکانیانەوە) و بەم دابەشبوونە , بۆپێ ی ڕێ و کاریگەریان , بۆ پێ ی جۆری کارەکانیان بە دوو چین دابەش دەبن , ئەمش پاڵ بە هەندێکیانەوە دەنێت , کە دژایەتی کۆمەڵکی تریان بکات"(13)

سەرچاوەی دروستبوونی دەوڵەت , دژایەتی و لێك جیاوازی چینایەتی یە , لە کۆنەوە هەتا ئێستا , دژایەتیی و جیاوازییەکانی , فەرمی جیاوازییان وەرگرتووە , بەڵام لە ناوەڕۆکدا کێشە و ململانێی دەسەڵاتدار و رەعیەت بووە , ئیتر دەوڵەت لە ئێستادا نیشتمانی بێت یان لیبڕاڵی , لیبڕاڵ دیموکرات , سۆشیال دیموکرات , مەسیحی , ئیسلامی , جوو و یان نەتەوەیی . هەمان پێکهاتی سیاسیان هەیە و , چەوسانەوە و بە مافیش سیمای حکومڕانیەکەیانە .

دەوڵەتی نیشتمانی , جیاوازی ئەوتۆی لەگەڵ جۆرەکانی تردا نییە , بەڵام دەوڵەتێك کە ئابووری و سەربازی و سیاسی بەدەستەوە بەسەر دەوڵەتەکانی تردا , بەجگە لەوەی کە دەوڵەتە بچووکەکان دەکەونە ژێر هەژموونی سیاسی و ئابووریەکەیەوە , مامەڵەی خاوەندار و رەعیەت لەگەڵیاندا دەکەن . ئەمەش قورسایی لەسەر شان و ڕەنجی چینێکی پان وبەرین لە کۆمەڵگای ئەو دەوڵەتانەدا دادەنێت , وەنەبێت ئەم قورسایی یە نەکۆتووبێتە سەر شانی چینی کرێکار لە ووڵاتەکانی خۆیاندا . لە نیزامی سەرمایەداریدا , لەهەر شکڵ و شێوەی هەر دەوڵەتێکیاندا بێت , خزمەت بە چینی باڵادەست و خاوەن سەرمایە دەکات .

ئەگەر مەسەلەکە کێشانی سنووری دەوڵەت بێت , ئەوا ئەمە خواست و ویستی چینی سەرمایەدارییە, جیاوازیش لە نێوان نەتەوەکاندا کە دروست دەکرێت ئەمەشیان هەر لەبەرژەوەندی ئەوان و خواستی سیاسی و ئابووری ئەوانی لەسەرە . کێشەش لەسەر لابردنی و چارەسەری مەنپەڵاتی ووڵاتانی گەورە ئیمپریالیستی بێت لەسەر سەرمایەی نیشتمانی بەرزوازی , ووڵاتدواکەوتووەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ودونیا, ئەوا دەوڵەتی نیشتمانی و بەرژوازی نیشتمانی لە دەسەڵاتدا ناتوانێت کەمەك لە ئازارو مەینەتیەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئەو ووڵاتانە کەمبکاتەوە, کێشە و ململانێکانی نێوان دەوڵەتانی ئیمپریالیست و دەوڵەتە نیمچە سەرمایەدارە دواکەوتووەکان و سەرانە سینەکان, ناتوانێت لە ڕاستیی و ڕەوایی ململانێکانی ناوخۆی نێوان خاوەن سەرمایە و کرێکاران وزەحمەتکێشان کەمبکاتەوە هەروەکو لینین لە پێشکی یەکەم چاپی کتێبی ((دەوڵەت و شۆرش))دا بە ڕابردووی ئەو کاتە باسی کردووە و دەڵێت "لە کاتی ئێستادا پرسی دەوڵەت , گرنگیەکی تایبەتی بە خۆی بەدەست هێناوە, لە لایەنی تیۆریەوە بێت, یا کرداری سیاسیەوە, جەنگی ئیمپریالیستی (مەبەست جەنگی جیهانی یەکەم) تۆندی وخێرایەکی هێنا ئەوپەڕی داوە بە گەلانی سەرمایەداری مەنپەڵی بە سەرمایەداری دەوڵەتی مەنپەڵی, ئەو زۆم

و زۆر ناڕەوایی کە بە بڕی جەماوەری ئیشکەرو زەحمەتکێش دەبێت لایەن دەوڵەتەوە, کە توند و تۆندتر تێکەڵ دەبێتەوە لەگەڵ یەکێتیە سەرمایەدارییەکانی خاوەن دەسەڵات , تا دێت زۆرداریەکە زیاتر و زیاتر دەبێت , دەوڵەتە پشکۆوتووەکان مەبەست (ئامانی دوایی), بە نیسبەت کرێکارانەوە دەگەڵیت بە سجنکی سەربازی لەکاری تاقەت پۆکێن"(14).

بەرژوازی نیشتمانی, هیچ نیی بجگێ لە ناو نیشان و شاردنەوەی کەمەکەمی مەرامی ئابووری و خزمەتگوزاری سەرمایەدارییانە نەبێت , لە ووڵاتکانی خۆیاندا . ئەگینا هەر ململانێیەک کە لەگەڵ سەرمایەی جیهانی دەیکات , یا بە ناوی ئەوەی کە چەقی ئەوان لەسەر ملی هاووڵاتیانی وولاتەکەیان لادەبات , هیچ نیی جگێ لە دریژکی باڵدار . چونکە لە ئێستادا , سیستەمی بەناو جیهانگیری , ئەو دەمکەی ئەوانی هەماڵیون و , درێ و دەڵەسەکانیانی , سوای ناو سیاسەت کردووە , لەبەر ئەوەی دەستیان لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ کردووە و خزمەتی یەکتر دەکەن . ئەوان دەیانەوێت لە هەگەی بەناو جیاوازیەوە , پرسەکانی وەک پرسی نەتەوایەتی, بە ئامانجی چارەسەری لە لایەن خیانەوە بیان بکەن، بەڵام ئەمە جیاوازە و لە هەلومەرجی ئێستادا , ئابووری سەرمایەداری مەنپەڵی و ئەلیگارشی دارایی جیهانی , بە ووڵاتە دروستبووەکانی ئابردو و ئێستا , , مانا و دەلالەتی جیاواز لە خۆ دەگرێت . لەسەردەمانێکدا ئەوروپا سەرچاوەی جیاوازی ئایینی و دژایەتی نەتەوایەتی بووە و , سەردەمانێک ئاریایی بوون و ئەوروپی بوون , یا هەژەماتی هەگەکی گەورەی لە دژبەری بینیوە و جیاوازییان خستووەتە نێوان خێزان وئەوانی ترەوە , ئێستاش ئەو جیاوازییە فەرمی تری وەرگرتووە و بە سوود و قازانجی خێزان بکاریان هێناوە . دەوڵەتی نیشتمانی ناتوانێت یان نێیتوانیوە , کەتایی بە پرسی نەتەوایەتی بهێنێت و بەتەواوەتی بنبڕی ئەو کێشەیە بکات . لە زۆرترین شوێن وڵکاتە جیاوازەکاندا داڕشیان داوە و کێشەکیان قوڕ کردووەتەوە لە نێوان نەتەوە جیاوازەکاندا , لە ئەوروپادا بجگێ لە ووڵاتی سویسرا کە ئەویش بە هەلومەرجێک لە ئابروودا و لە بیارکی نەو دەوڵەتی لە ساڵی 1890 دا بووە ووڵاتێک کە بەلایەن بێت و لە کێشە نەودەوڵەتیەکانی دوورخرایەوە و هیچ جەنگ و ململانێیەکی نێوان دەوڵەتەکان کاریگەری لەسەردا نانێت , هەربیە لەو ووڵاتەدا کێشەی نەتەوایەتی بوونی نیی لە دواتردا زیاتر ڕوونیان دەکێنەوە , ئەگینا کێشەی نەتەوایەتی لەناوخۆی ئەو ووڵاتانەی کە نەتەوەی جیاوازی تێدایە و هەروەها لەسەر ئاستی هەرمایەتی و یان لە ئاستی

جیهانیشدا , ئەو کەشەیە بە شەڕ و پراکتیکی جیاواز لە بڕوادایە . کرێکاران لە ئەروپادا خەڵکی لە هاوچینە ڕەش پێست و , قژ ڕەش , و چاو ڕەشەکان , و لە کرێکارانی ئەفریقایی و ئاسیایی و ڕەژەگەلاتی و ... جیاواز دەبینێت .

"تەنها بەپێی بەرژەوەندی دەوڵەتەکەی ئەوان نییە , لەبەر ئەوەی زەربەی ئەوانەی کە ناو ئەبردن بە دەوڵەتە گەورەکان, ماوەیەکی زۆر , کەمەك لە گەڵە بچووك و لاوازەکانیان کێڵە و ژێر دەستە و وەبەرهێنان تیاداکردووە لە بەرژەوەندی خۆیان . جەنگی ئیمپریالیستی جەنگەك نییە , بۆجگە لە جەنگ لە پێناوی دابەشکردن و دووبارە دابەشکردنەوەی ئەو جارە لە تاڵانی کە دەستیان دەکەوێت . تەکەشان لە پێناوی ڕزگاری جەماوەری هەزی کار , لە دەسەاتی بەرجوازی بە شێوەیەکی گشتی و بەرژوازی ئیمپریالیستی بە شێوەیەکی تایبەت , مەحاڵە بە بێ تەکەشان دژی وەهم و خەشباوەی هەڵپەرستەکان لە پێناوی ((دەوڵەتدا))"(15).
هەروەها چارەسەری نەتەوایەتی لای ڕابەرانی کرێکار و زەحمەتکەشان کردەیەکی تاکتیکی یەو , مانایەکی بەرجەستەی ستراتیژی ناگرێتە خۆی , بەڵام دەبێت سیاسەت و پراکتیکەك بەرجەستە بکات ,ئەگەر ڕزگاری نیشتمانیش بێت بخاتە دەستوری کاریەوە لەو ناوچانەی کە کەشەی نەتەوایەتی هەیە , بە ئاقاری چارەسەریدا ببات , و ئەنجامی ئەرێنی بە ئەصلی مەسەلەی چینایەتی لەبکەوێتەوە . دەبێت ئەوە بکات کە کەتایی بە پرسەکان بهێنێت , ئەگەر داگیرکاریش نەبێت لە لایەن ووڵاتانی ترەوە و هەروەها لە ناوخۆشدا دەبێت کەتایی بە بیرو بۆچوونی هەوادارانی بەرژوازی نیشتمانی بهێنرێت .

لە لایەکی تریشەوە , نابێت ڕەگری لە بەرژوازی ناوخۆ بکرێت , ئەگەر هەوڵی چارەسەری پرسەکیان دا ,هەرچەندە لەگەڵ ئەوشدا بە باری بەرژەوەندی خۆیان کەشەکە یەکلایی دەکەنەوە , لەبەر ئەوەی دەیانەوێت لەو ڕەگاوە و لە چوارچێووەی جوگرافیایەکی دیاریکراودا , پارێزگاری لە سەرمایەکیان بکەن وخۆیان لە هارین و لەناوچوون ڕزگار بکەن , لە ڕەگەی تاڵان و بڕی سەرمایەی ووڵاتەوە, زەر جار ئەم بۆچوونانە کرێکارانی پەهەئەخەلەتێنن و هانیان ئەدات لە پێناوی جێبەجێ کردنی میتۆدەلۆژیەکی بەرژوازیدا بیر بکەنەوەو کا ئیشی پێبکەەن , ئەمەش لە ڕەگەی ئەو بەواوبۆچونانەی کە ووردە بەرژوازی فەلسەفاندنی لەسەر دەکات . گوایە هەتا نیشتمانەکەی لە چنگی کۆنیالچیەکان ڕزگار نەبێت , بەها بە جووڵانەوەی چینایەتی پرۆلیتاریا دروست نابێت و مانایەکی دیفاکتۆی نابێت , لەگەڵا

ئەوەی ووردە بەرژوازی بە قازانجی سەرمایەداران, دەستی داوەتە خەباتاندنی ئەندامانی کۆمەڵە لە ووڵاتکانیاندا , ناتوانن چارەسەری کێشەی ئابووری و سیاسی و ژیگاریان لە وابەستە یان بە سەرمایەداری جیهانییەوە بکەن .

لەدەستی هێزمووني کۆمپانیا فرە نەتەوەیی گەورەکانی جیهان و مۆنۆپۆلی سەرمایەداری ووڵاتانی ئیمپریالیستی بۆنە دەرەوە . چونکە ئابووری ئەو ووڵاتانەی نەژادپەرستی ناوەڕاست , دواکەوتوون و ناتوانن سەربەخۆ لە ئابووری جیهانی ئەرك و فرمانی خۆیان جێبەجێ بکەن , لەبەر ئەوە دەوڵەتی نیشتمانی ناتوانێت وەڵامدەرەوەی پرسەکان بێت کە بەرەکی کۆمەڵگاکەیانی گرتووە .
"خەباتکانك وا تێدەگەن کە هەنگاوێکی گەورە چوونەتە پێشەوە , وە بە ئازایەتیەوە خۆیان لە بەرامبەر پشتاوپشتی پاشایەتی ژیگارکردووە و بوون بە لایەنگری کۆماری دیموکراتی . بەڵام لە ڕاستیدا , دەوڵەت هیچ نیێە بەجگە لە دامودەزگایی سەرکوت کردنی چینێك لە لایەن چینێکی تر, وە ئەمەش بە کۆماری دیموکراتیش ڕاستە , بەهەمان پلە کەمتر نیێە , لەو ڕاستیەی کە بە پاشایەتی ڕاستە .."(16).

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا , پرسی نەتەوایەتی کورد , لەهەر شوێنێك بێت و لە هەر کات و ساتێکدا بێت , پێویستە چارەسەر بکرێت و وەڵامێك وەرگرێت , ووردە بەرژوازی و بەرژوازی و سەرمایەداران , بە ناونیشانی دەوڵەتی نیشتمانییەوە , بە چارەسەرکردنی کێشەکان ,ئەیانەوێت کرێکاران لە ناوچەکە و دنیا لێك دابڕێت . لەگەڵ ئەوەی دەبێت , بە کردەوە بە نزیك بوونەوە و , هەمئاهەنگی نێوان نەتەوەکان وهەوڵێك بێت دژایەتی نەتەوەکان بگۆڕێت بە دژایەتی چینایەتی , و کەتایهێنان بەو ئازارانەی کە سەرمایەداری خستوویەتە جەستەی کرێکارانی ووڵاتە جیاجیاکانی جیهانەوە .
لێرەدا دێنە سەر پرسیارێك , ئەبێت ئەو داواکارییە چی بێت , کە ووردە بەرژوازی بە پرس وخواستی نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانی لە کوردستاندا دەیکات؟!
ئایا چارەسەرکە دامەزراندن و جەگە وەگەی دەوڵەتی نیشتمانیە , بە مافی یەکسانی نەتەوەکان؟ یان ئەمە کردنەوەی گرێیەکە لە گرە کوێرەکان ؟! بەگومان نەخێر وەڵام دەوڵەتی نیشتمانی نیێە , چونکە داخوازییەکان و جێبەجێ کردنی مافەکانی کرێکاران لەم دەوڵەتاندا جێگای نیێە .چونکه کردەیەکی ژیگاری بەخشی چینایەتی نییە،لەبەر ئەوەی جیاوازی چینایەتی سەرچاوەی جەنگ و هەموو ململانێ کۆمەڵایەتی

،سیاسی، نەتەوایەتی وئابوورییەکانە لە ناوچەکەو جیهاندا .
ووردە بەرژوازی بەم شێوەیە باس لەخواستی نەتەوەیی دەکات (وەزعیەتی ناسك و ترسناکی ئەمنی کوردستانی عێراق لە پایەیترین ئاستدا بە هەی دوو واقعیەتی بناغەییەوە , یەکەم مەسەلەی کورد وەك , مەسەلەیکی میللی چارەسەرنەکراو نەك تەنها لە عێراقدا بەڵکو لە ناوچەکە هەموویدا , دووەم , شێی عێراق وئەمریکا و بە دوای ئەودا نادیار بوونی جەگەو ڕەگەی حقوقی –سیاسی وە پێناسەی دەوڵەتی (نیشتمانی) کوردستانی عێراق.)(17).

ئەم جۆرە بۆچوونە ئەوە دەگەیەنێت کە ووردە بەرژوازی بە دوای فرسەتێکەویە کە پلاتفۆرمی دەوڵەتی نیشتمانی تێدا بەرز بکاتەوە , هەروەکو پێشتر لەی دواوین , بتوانێت بەو هەیەوە پارێزگاری لە پێگەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی بکات . وە لە لایەکی تر لایان وایە جێگای باسکردن لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی , کاتێك دەبێت کە زووروفێکی دژوار لە ئاراداە بێت بە ئۆنەتەویە , ئەمش بە بەوای من نابێت مەرجی باسکردن و تێکۆشان بێت لەسەر ئەو پرسە . ئەویش لەبەر ئەوەی نا کە نەتەوەی ژێر دەستەی نەتەوەی زۆردارە , یان لەبەر ئەوەی زرووفێکەی لەبارە بە باسکردن چارەسەری کێشەی نەتەوەکەیە , بەڵکو دەبێت لەکاتی تریشدا , ئەو پرسە تەواونین و بۆچۆنی زۆر زانستیانەی لەسەر بکرێت و تاکتیکی چوونە پێشەوەی خەباتی چینایەتی چینی کرێکار بێت . ئەوە ئەو مژوویە لە دژایەتی و بە مافی نەتەوەیێك لە لایەن نەتەوەیەکی ترەوە ((مەبەست لە دەسەڵاتدارانە)) بەیار لەسەر خەبات لە پێناوی بە دەست هێنانی مافی نەتەوەکان دەدات , ئەرکی سەرشانی کرێکاران و کۆمۆنیستەکانە , کە بە تەواو وپراکتیك وەڵامی بنج بە بدنەوە بە پرسەکە . بەپێی بوون وکاتی کێشەی نەتەوایەتی , ڕەگەڵ چارەی تەواوەتی بە دەدەزرێتەوە , وە بە پێی پێویستی چارەسەرییەکەیە , دەست بە هەڵوەشانەوەی کێشەی نەتەوایەتی دەبڕێت .
“دەوڵەتێکی میللی (الشعبیە) ئازاد گەراوە بە دەوڵەتێکی ئازاد , لەو حاڵەتەدا دەوڵەتی ئازاد , بە پێی مانای زمانەوانی ئەو دوو وشەیە , دەوڵەتێکی ئازادە بەرامبەر دانیشتوانەکەی , دەوڵەتێکە لە ئەنجامدا حکومەتێکی سەرکوتکەری تێدا دروست دەبێت” (18).

بە پێی بۆچونەکانی ووردە بەرژوازی بێت , کە بە ناوی ئینسان دۆستی , کاوەژی یاسا و ڕەساکانی مافی مرۆڤ و سیاسەت و ئامانجی لیبرالی دەکەنەوە ,ناتوانن دە بە سەردەمی ابردوو بدەن و سەردەمێکی نوە بهێننە ئاراوە . نەتەوەی کورد , لەسەردەمکانی ابردوودا و لە

هەلومەرجی ئێستای ژیانی کۆمەڵگای عێراق و تورکیا و سووریا و ئێراندا , ژیانێکی سروشتی مرۆڤانەیان بەسەر نەبردووە , ئەگەر لەمە ولاوە شتێکی بچووکی ممارسەی کەلتووری و زمان و هەندێك عادات و تەقلیدیان کردبێت , ناکاتە مافێکی سیاسی نەتەوە و ئازادی سیاسیان هەبووبێت , بە بەواو بەچونی مارکسیانە , هەلومەرجی ژیانی نەتەوەکان , شایەنی ژیانی ئازادی سیاسی و پرسیسکردنی ئەرك و مافەکانی دەوڵەتداریین , ئیتر هەلومەرجەکانی هەر چەنێك بێت , دەبێت کۆمەنیستە زانستیەکان و شۆرشگێڕەکان شیعاری (دروشمی) چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی هەڵبگرن و چارەی بنڕەتی بکەن , نەوەکو بەرژوازی بەناو نەتەوەیی و حیزبەکانیان , ناونیشانی چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی , بە مەرامی سیاسی و ئابووری خۆیان بیکەنە بنەشتە خۆشەی سەر زاریان و , هەوتی ژگاریینکە بە قوربانی چەردەیەك پارە و بازرگانی پەوە بکەن . ئەگەر کێشەی نەتەوایەتی هەبوو , پەویستی بە لابردن و چارەسەری هەیە , ئەگەر بە دامەزراندنی دەوڵەتی بەرژوازیشی لەبکەوێتەوە , چونکە " هەموو دەوڵەتەك بریتیە لە {هەزەکی تایبەتی سەرکوت کردن}ی چینی ستەملێکراو.

لەبەرئەوە هەموو دەوڵەتەك نە ئازادە و نە میللی یە "(ئەئکیدەکان هی لینینە)(19).
هەر لەبەر ئەوەیە پرسی ژگاری نیشتمانی , مەسەلەی فەڵە و تەڕەکەی بەرژوازی نەتەوەیی ژێردەست و وابەستەی ئابووری کارتەل و ترەستە دارایەکانی جیهانە و ناتوانێت لە سیاسەت و ئابووری ناوخۆی ووڵات , دەست لە چەوسانەوەی کرێکاران هەڵبگرێت و سەرمایەگوزاری لە هەزی کارییان نەکات , ناتوانێت دەست لە هەموو ئەو پەیوەندنامە کۆنەپەرستانەی کە لەگەڵ سەرمایەدارانی نەتەوەیی لەسەر دەسەڵات و ئیمپریالیزم بەربدات . لەبەر ئەوە داواکارییان لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانی , داواکاری بەرژوازی و ووردە بەرژوازی کەمپرادۆری نەتەوەی ژێر دەستە , چونکە دەوڵەتی نیشتمانی ناتوانێت تەواوی گرێی ئەو کێشە گەورەیە بکاتەوە , کەکێشەی چەوسانەوەی کرێکارانی خۆ ووڵاتی یە . تەنها یەك لایەنە مافەکانی بە جێدگەیەنێت , ئەویش ژگاری نەتەوەیەکە لە ژێر دەستی دەسەڵاتدارانی نەتەوەی لەسەر دەسەڵات . ئەمش تەنها دەبێتە هەنگاوێك بە ئامانجێکی تری فراوانی چینایەتی
دەوڵەتی نیشتمانی , کە جەنابانی ئیفەرمیستەکانی پرسی نەتەوایەتی ووردە بەرژوازی کەمپرادۆر و حیزبەکانیان داوای دەکەن , ناتوانێت بە تەنها ساتێك دەستی زوڵم و زۆری دەسەلاتداران لە ڕەگەی "سووپا و

پۆلیس کە دوو دار دەستی سەرکین بە هەز و دەساتی دەوڵەت"(20). لەسەر خەڵك و بە تایبەتی لەسەر کرێکاران لابەن.

ناوەڕۆکی دەوڵەت گرانی بەسەردانایەت , چونکە دەستی دەوڵەت کەتا ناکرێت لەسەر ژیانی ئابووری و سیاسی , کۆمەڵایەتی نێتوەکان , کە دەوڵەتیان پێکهێناوە , ناوەڕۆکی دەوڵەتی نیشتمانی کە یەك نێتوەی تیادا ئژیت , لەگەڵ ناوەڕۆکی دەوڵەتکی تری نیشتمانی کە چەند نێتوەیەکی تێدایە , جیاوازییەکی ئوتە دروست ناکەن , بەرژوازی نیشتمانی , یان بەرژوازی بگانە یەك ئامانج و بەوای ئابووری سیاسییان هەیە .

"لە لایەن هەموو فیلسوفکانی مافی دەوڵەت , بەچوونکانیان لە بنیاتنانی دەوڵەت سەرچاوە دگرێت لە غەریزەوە – بە نموونە , ئاوات , خۆشگوزرانی , یان تانانەت لە عەقڵەوە , بەڵام لە عەقڵی کۆمەڵایەتیەوە نا , بەڵکو لە عەقڵی تاککەسەوە. بەڵام فەلسەفەی نوێ , کە پێویستە بە بەچوونی تیری زیاتر نموونەیی و قوڵتر , ئوا بنیاتنانی دەوڵەت لە بیری گشت (الکل) سەرچاوە دگرێت , کە لایان دەوڵەت بریتییە لە ئێندامێتیەکی مەزن , کە پێویستە ئازادی ماف و ئەخلاق و سیاسەتی تێدا بێتە دی , بە زانیین ئەو هاووڵاتیەی ملکەچ دەبێت بە یاساکانی دەوڵەت , ملکەچی یاسا سروشتیەکان دەبێت , بە تایبەتی یاساکانی عەقڵی خەی , یاساکانی عەقڵی مرۆڤایەتی."(21).

چارسەری کێشەی نێتوایەتی , بەهرەمەندبوونی کرێکارانی نێتوەکانە ,لە سیستەمی سوسیالیستی زانستی ,لەبەر ئەوەی وەڵام بە هەموو لایەنەکانی ژیانی کرێکاران دەداتەوە , یەکسانی و بەهرەمەندبوون لە توانای ئابووری و بەدەست هاتووەکانی وهاومافی و دادپەروەری , پێشخستنی ژیان لە هەموو ڕوویەکیەوە .
چونکە ئەگەر دەوڵەتیش بە نێتوەکانی ژێر دەست دروست بێت , کە کارەکی خراپ نییە, هەشتا پرسی نێتوایەتی و ملمانێی ناوچەیی و جیهانی نێتوەکان , بەهەی سیستەمی سەرمایەداریەوە کۆتایی نایەت , بەهەی دروستکردنی سەرچاوە و بەرژەوەندی ئابووری جیاوازی جوگرافیا جیاوازکانی ئابووری سەرمایەداری بنجبە نابن. واتە دەوڵەتی نیشتمانی دەوڵەتی خۆشباوەی ووردە بەرژوازییە , لەبەردەم ڕەگە چارەی پرسی نێتوایەتیدا , لەگەڵ ئەوەی هەوڵەکە بە چوونە پشتەوەی هەنگاوەك لە کەی داخوازییەکانی کرێکارانی نێتوەیەکی ژێر دەستە بە ئاستەی جارکی تر بیر نەکردنەوە لە کێشە و ململانێی نێتوەیی لە ناوخەی ووڵاتکیانەوە , بەهەی ئەوەی "جارکی تر

دەگەینێ بە شوێنێ کە دەستمان پێکرد , ناوەندێتی بریتی یە لە بنەڕەتی دەوڵەت , لەگەل ئەوەشدا بە شێوەیەکی حەتمی پێویستە بە دیسپلینی ناوەندەوە , ناچاریدەکات , دەوڵەت لە چوار چێوەکەی خۆی دەربچێت , خۆی ئەچەسپێنێت بە شێوەی گشت و باڵا و کۆتا . خۆی وا دەردەخات کە هەستە , ئەم هەڵومەرجەش تەنها تایبەتە بە مێژووە , وەکو دەخوازرێت دەوڵەت ئازادی ڕەها بە دینا هێنێت ؛ لەم حاڵەتەدا , ئەو دیالێکتیکەی کە پێشتر ئاماژەی پێکراوە , بە تەگەیشتنی دەوڵەت کرداری نییە , دەوڵەت تەنها ئازادییەکی بابەتییە , ئازادی ڕاستەقینەی خود ,کە هاوتای ئازادی ڕەهایە , لە پێناوی جێبەجێکردنیدا پێویستی بە شەوازکی تر هەیە بەجگە لە دەوڵەت"(22).

_____

سەرچاوەکان؛

9 ـــ مەنسوری حیکمەت،لەبەرگریکردندالەداخوازی سەربەخۆی کوردستاندا،گۆڤاری بۆپێشەوە،ژمارە(21)،27ی ئاب .995
10 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل.5
11ـــــ لینین،الدولةوالثورة،دارالتقدم،موسكو،طبع في الاتحادالسوفيتي،ص.6
12ـ لینین،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ص.8
13ـــ ماركس،آنجلس،مختارات في أربعةأجزاء(الجزءالثالث)،اصل ألعائلة و ألملكية ألخاصة و ألدولة ، دارألتقدم ، موسكو ،1970 ،ص.322
14ـ لینین ، ألدولة و ألثورة ،هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل.3
15ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل.4
16ـ ماركس ، ألحرب ألاهلية في فرنسا ، (مقدمة من قبل انجلس ، عام 1891) ، دار التقدم ، فرع طشقند ،طبع في الاتحاد السوفيتي ، ص19 .
17ـ مەنسوری حیکمەت ، لە بەرگریکردندا لە سەربەخۆیی کوردستاندا ، گۆڤاری بۆپێشەوە ، ژمارە(21) ، 27 ئابی 1995 ، ل 5 .
18ـ ماركس ، انجلس ، رسائل مختارة (1844ـ 1895) ، رسالة من انجلس الى بيبل ، 18 ـ 27 آزار 1875 ، دار التقدم ، موسكو ، طبع في الاتحاد السوفيتي ، 1982 ، ص 215 .
19 ـ لینین ، الدولة و الثورة ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص 24 .
20 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص 12 .
21 ـ ماركس ، انجلس ، بصدد الدولة ،{ من افتتاحية (KOLNISCH E ZEITUNG) العدد 179 ، كتب بين 29 حزيران "يونيو" و 4 تموز

"يوليو" 1842 .} ، ترجمة الياس شاهين ، الاعداد و الترجمة و الفهارس ـ دار التقدم ، طبع في الاتحاد السوفيتي ، 1986 ، ص 28 .
22 ـ ماركس ، انجلس ، بصدد الدولة ، (من مقالة ، المركزة و الحرية ، كتب في النصف الاول من ايلول "سبتمبر" 1842) ، ترجمة الياس شاهين ، الاعداد و الترجمة و الفهارس ـ دار التقدم ، طبع في الاتحاد السوفيتي ، 1986 ، ص 33 .

گەنج ونوسین – شیعرنوسین وەك نمونەیەك … ن: شاخەوان صدیق

"مرۆڤ بۆ ئەوەی بیەوێت شیعرێكی جوان بنوسێت دەبێت ڕۆحی پیربووبێت" (بەختیارعلی)

هەمیشە لەدنیای ڕۆشنبیریی ئێمەدا شتێك كەزۆرترین قسەو باسی دەرباڕە دەكرێت نووسینە (بەتایبەت لای ئەو نەوەیەی كە هێشتا لە سەرەتاكانی هەنگاوناندایە بەرەو دنیای ڕۆشنبیریی) بۆیەدەبینی زۆرترین ڕەخنەكان لەم ناوەندەدا ڕووبەڕوی ئەمان دەبێتەوە تادەگاتە ئەوئاستەی كەهەندێك جار بپرسین كە ئایا ئێمەنوسینی گەنجانەمان هەیە ؟ كێن ئەونوسەرە گەنجانەی دەنوسن و؟ چی دەنوسن ؟ هەچەندە هەر جۆرێك وهەرچەندێك بێت، ئەمانە لە سەرەتای ئەزمون كردنی خوێنەرەو نوسیندان، بەڵام دەبێت هەكارو مەدلولەكانی پشت سیاقی واتای نوسینەكان بخوێرێتەوەو شرۆفە بكرێت. من لەم نوسینە كورتەدا هەوڵ ئەدەم بەپێی ئەزمونی خۆم كەمێك دەرباڕەی شیعر نوسین لای ئەو نەوەیەی كەپێی دەوترێت گەنج ونوسینی گەنجانە بوەستم وباسی بكەم ، چونكە پێم وابێت زۆرترین ڕێژە لە گەنجانی ئێمە كە دەنوسن بەشیعر دەست پێدەكەن وبەخۆشی شیعریەت سەرەتای چونە ناو دەروازەكانی بیركردنەوەو نوسینە.

چونكە شعر تاكە ئامرازێكە لە ژیاندا كە دەتوانێت ڕاستیەكانی ناخی ئینسان دەربڕێت وهەموو ئەو نهێنیە شاراوانەی ناوەوە كەشف بكات كە لەكاتی ئاسایدا هەستی پێناكرێت، لەوی ئەركیشەوە هەمیشە وەزیفەكەی لە ژانەرەكانی تری ئەدەب قورستروو گەورەترە، چونكە

ئەركی شاعیر ئەوەنیە کەوواوەکان بگرێتەوە یان واقیع کۆپی بکات، بەکو ئەرکی ئەو گۆرانەوەی ئەو شتانەیە کەدەشێت ووبدەن ، ئەوە شیعرە کە مرۆڤ هەمیشە دەتوانێت گەمەی خەیاڵاتەکانی ناوەوەی خۆی تیابکات وهەموو ئەو شتانەی کەلە واقیع جێبەجێ نابێت لەودا دروست کردن وداڕشتنەوەی هەمیشە کارێکی ئاسانە، بۆیەدەبینی گەنجکاتێک شعردەنوسێت چەندە دەیەوێت تەعبیرلەو هەموو شتەکەبت کراوانەی ناوناخی بکات ئەوەندەش دەیەوێت خۆی بەتاڵ بکاتەوە کە بەبۆای من ئەمەش باشترین هاوڕێ ودەربڕی ئەون هەرچەندە هەندێک جار ئەم جۆرە شعرنوسینە لەمەسەلەی ئەدەب دوورەدەکەوێتە وەو دەبێتە دەروازەی بەتاڵ بوونەوە لەکێشە زاتیەکان وەک ئەوەی ئەمڕۆ لای زۆر لە گەنجی ئێمە بووني هەیە، بەو پێیەی کە ئەگەر سەیری ئەوبۆاوکراوە شعریانە بکەیت کە لێرەو لەوێ گەنجان چاپی دەکەن هەست بەو ڕاستیە دەکەیت کە گەنج چی دەنوسێ و بۆدەنوسێت ؟
هەئەمەشە بەبۆای من وای کردوە بەم سەردەمە بوترێت سەردەمی لێشاوی شعری ، ئەمە لە کاتێکا شیعر بۆ خۆی وەک ژانەرێکی سەرەکی ئەدەب کەمەڵک یاساو بنەمای تایبەت بەخۆی هەیە کەناکرێت بەتەواوەتی بوترێت ئیحساس وهەستە.
ئەرکی سەرەکی ئەو بەتاڵ بوونەوەی ئینسانە بەهێندەی ئەوەی کە شیعر دەبێت لە مەعریفەیەکی قوڵ ولە باگراوندێکی ئەدەبیەوە هاتبێت چونکە (ئەرستۆ) واتەنی (هارمۆنیاو کێش ،ەگەزی جەوهەری شعرن، کە ئەمەش پەیوەندی لەنێوان شعرو مۆسیقاو هونەرەکاندا دروست دەکات) چونکە شعر بەتەنها لاسای کردنەوەنە نیە، بەکو هارمۆنیاو ئیستاتیکاش لەهەیە سروشتیەکانیەتی، هەرئەمەشە ئەو گرنگیە دەدات بەشیعرو لە مۆزووی جیادەکاتەوە ، چونکە شیعر شتی گشتی دەڵێت، بەڵام مۆزوو شتی تاك وپاچەر یەکی تایبەت ودیاری کراو مۆزوو ئەوە دەڵێت کە ڕووی داوە، بەڵام شیعر شتێك دەڵێت کەدەشێت ووبدات.

چونکە لەِاستیدا شیعر هەوڵدانە بۆ کەشف کردنی لایەنەکانی تری دنیا، بەڵام بەداخەوە ئەوەی هەمیشە جێگای پرسیارو لەسەروەسانەی لەشیعریەتی ئەم نەوەیەدا لەقاڵب دان وتەسك کردنەوەیەتی بۆکێشەیەك وبچوککردنەوەیەتی بۆمەسەلەی ئیحساس وشتی هەستیو زاتی وپاڵانەوە کەدەشێت هۆکاری سەرەکی نەبوونی باگراوندی مەعریفی وشارەزانەبوونبێت لە دەنیای ئەدەب دا چونکە مرۆڤ پێش ئەوەی بنوسێت پێویستی بەوەیە بخوێنێتەوەو لە چۆنێتی نوسین وخەسڵەتەکانی نوسین بەتایبەت شعرتێبگات چونکە (بەختیار)واتەنی (هیچ شاعیرێکی ڕاستەقینە لەسەرەتادا لەشیعرنوسینەوە دەست پێناکات، هەمیشە شعرخوێنەوە پێش شیعرنوسین دەکەوێت) چونکە شعرشتێك نیە مرۆڤ فێری

بێت، بەکو دڵخۆکی زهنیه تێیدا دەژین وکەجێمان هەشت جگەلەتارمایی جوانیەکی وەسف نەکراو هیچی ترمان لەیاد نامێنێت.
ئاستە مرۆڤ دەتوانێت لەشیعردا ئەودنیایە دروست بکات کەخۆی ئاواتە خوازیەتی بەڕام لەگەڵ ئەوەش دا لەقاڵبدان وبەرتەسك کردنەوەی یەکجکن لەوپەتایەی کەئەمڕۆ شیعریەت بەتایبەت لایگەنجی ئێمە توشی بووە بێیەلەکاتی خۆنەوەی بەرهەمی نوسراوی شیعر لای گەنج تەنها و تەنها جگە لە چەند هەستێکی عاتفیانەی دوورلە پڕسەی عەقڵانی کەپتکراو زیاتر هیچی ترنابینیت، کە ئەنگە وەزیفەی نوێ لای ئەمانە تەنها نەبوونی ئەگەزی بەرامبەر بێت .
کە بەبوون وهاوڕێیەتی کردنی ئەوئەگەزەش هەمووشتێك دەوەستێت وکۆتای دێت، لەکاتێکا لەسەر وەختی نوسینی ئەم بەناو شیعرانەدا گەورەترین پاساولای ئەوان بەتاکردنەوەی ئیحساسی تاکەکەسیە ودەیانەوێت لەڕگەی شعرەوەخەونەکانیان ببینین لەکاتێکا شیعر بەتەنیا ئەمەنیە وپڕسەیەکی تەواو عەقڵانیە بەختیار واتەنی (بۆئەوەی بتوانین بەشیعر خەوببینین دەبێت بتوانین بەشعر بیربکەینەوە، بەڕام شعرنوسین بریتی نیەلە نوسینی بیر بەشیعر، بەکو پرسەی بیرکردنەوەیە بەشعر، شاعیر کەسێکە کەبەشیعر بیردەکاتەوە نەوەك بیربکاتەوە دواترشعر بنوسێت) بەڕام من هەندێك جاری دیکە وای دەبینم کە ئەم نەوەیە بەخشمەوە شیعر وەك پڕسەیەکی تەواو عاتیفی وسۆزداری سەیردەکەین کە تەنهاو تەنها لەخزمەتی پڕسەکی حەزین دابێت هەرئەوەی کەلای ئێمە پێی دەوترێت بەهەڵە عەشق کەبە بۆای من هەمووشتێکە تەنها ئەشق نەبێت وەك دەبینیت لەکرداردا پڕسەی عەقڵانی و گە مەزمانیەکان ون دەبن و تەنها وتەنها عاتیفە سەرانسەری پانتای نوسینەکان داگیردەکەن، بەڕام من دیسانەوە هاوڕادەبمەوە لەگەڵ بەختیاردا کەدەڵێت (شیعر عاتیفەی مرۆڤ نیە کە قسەدەکات، بەکو ئەوە عاتیفەیە کەزمانی تێکدەچێت وتەعبیر بچوك بەشی ناکات و مانا ئامادەکات لە بەردەمیدا تەسك بێتەوە، شیعرزمان نیە ،بەکو شیعر گەانی زمانە لەناو خویدا بۆزمانێکی تر . بەم تێوانینەشەوە لەشیعر بەبۆای من دەتوانین شیعرێك بەرهەم بهێنین کە بچێتە خانەی ژانەری ئاستەقینەی ئەدەبەوە .

سەرچاوەکان:

دەربارەی ئەزمونی شیعر، ن: بەختیار عەلی
شیعریەت لای ئەدۆنیس.

شەڕ لەسەر پایتەختەکان … بەختیار محەمەد

ئەمە پەیمان سەیرە، کە فراکسیۆنەکانی گۆران و یەکیەتی دەنگیان بە پەسەندکردنی یاسای ئاپۆرەی میللی (حەشدی شەعبی) داوە: ئایا ئەمە هەڵکارەکەی ململانێی حزبایەتی و ئیقلیمییە؟ باشە – ئەگەر وا بێ - ئەوە زانیمان، کە یەکیەتی هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ ئێراندا جەمسەرگیرە؛ بەڵام ئەدی بۆ گۆران چ بڵێین؟ خۆ ئەو هەمیشە دژی ئەم جۆرە جەمسەرگیرییانە قسەی کردووە!…

لەم ڕوانگەیەوە، هەرچەندە ئەمڕۆ (27 / 11 / 2016) بەڕێز هێشیار عەبدوڵڵای سەرۆکی فراکسیۆنی گۆران لەسەر قسەکەی موسەننا ئەمینی سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو، کە گوتبووی پارتی و کۆمەڵ و یەکگرتوو دانیشتنەکەی پەرلەمانیان بە جێ هێشت و یەکیەتی و گۆرانیش دەنگیان بە یاساکە دا، هەندێك ڕوونکردنەوەی دا، بەڵام ئەمە هیچ لەم مەسەلەیە ناگۆڕێ، کە بە گومانەوە دەبێ بپرسین: ئاخۆ گۆرانیش وەك پارتی و یەکیەتی بێتە بەشێك (کارەکتەرێك) لە ململانێی ئیقلیمی نێوان جەمسەرەکان؟ واتە جەمسەری: (پارتی و تورکیا…/ سوننە و پارتی و لایەنە ئیسلامییەکان) لە لایەك؛ جەمسەری: (ئێران و یەکیەتی/ شیعە و یەکیەتی و {گۆران؟}) یش لە لایەکی دیکە؛ خۆ گریمان ئەمە واش بێ، بەڵام بە ڕواڵەت پێناچێ بۆ گۆرانیش شتێکی سەیر بێ، بەو پێیەی، کە ئێستا ململانێی نێوان پارتی و ئەم بزووتنەوەیە لە لووتکەدایە، هەربۆیەش دەشێ گۆران ببێتە بەشێك لەو لایەنەی، کە دژی پارتییە (ئەمە هیوادارین ئەم ململانێیە بە چارەسەری کێشەکان کۆتایی پێ بێ؛ ئەمە داخوازی ئەمەی هاوواتییانە؛ ئەمەی هاوواتییانی، کە نامانەوێ ململانێی سیاسی و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی و گەندەڵیی و پاوانکردنی سەروەت و سامان لە دەستی کەمینەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بنەماڵەیی ئێرەستۆکراتی… وەاتەکەمان وەڕان بکا و چارەنووسی گەلەکەشمان ڕەش بکا).

بەهەرحاڵ کۆمەڵ لە بەغدا (لەم پرسەدا)، کە هەڵوەستی لەگەڵ پارتی جووتە؛ چونکە هێزکی ئیسلامیی سوننەیە، کە بە تەبیعەتی حاڵ حەزی بە دەسەڵاتی شیعە نییە؛ یەکگرتووش هەر هەمان عوزر و بەهانەی

هەیە، ئەوە سەرباری ئەوەی، کە لە کوردستانیش پێوەندی و میانەی لەگەڵ پارتی باشتر و خۆشترە لە کەمەڵ. هەرچی یەکیەتیشە ماوەیەکە لە ئاست ڕووداوەکاندا، وەك هێزێکی تەماشەکەری بێلایەن لە کوردستاندا دێتە بەرچاو؛ بەڵام هەبەتە لە بەغدا لایەنێکی چالاکی تەوەری شیعە (بەغدا) -ئێرانە.

ئەمانە هەر هەمووی لە ڕووی واقیعی مێژوویییەوە شتی ئاسایی و سروشتین، بەڵام ئەوەی کە بەلای ئێمەوە لە ڕووی پرەنسیپەوە شتێکی سروشتی نییە، گۆڕان دەنگ بە یاسایی بوونی هێزێکی مەزهەبی (میلیشیایی) بدا؛ لە کاتێکدا هیچ گەرەنتییەك نییە، کە ئەم هێزە لە ئایندەدا چۆن ڕەفتار و هەڵسوکەوت لەگەڵ نەتەوە و کەمینە و مەزهەبەکانی دیکەدا دەکا. هەر لە سەرەتاوە مادەم ئەم هێزە لەسەر بنەمای مەزهەب دامەزراوە، پێناچێ چاوەڕوانی شتی باشی لێ بکرێ؛ بەڵکو ئەم هێزە (با لە چوارچێوەی یاساشدا ڕێك بخرێ) تەنها بەرژەوەندی باڵای شیعەکان دەپارێزێ.

ئەرێ گەلێ، ئەدی بۆیار وا نەبوو، کە گۆڕان دژی هەموو جۆرە ڕێکخستنێکی سەربازیی میلیشیایی بێ؟

لە پشت ئەفسانەی بەدەنگی منەوە مەهدی ساڵح میجید ...

((دە قی ئە م ووتا رە بێ بە شێک لە خوێنە رە کا نی دە قە ری گە منیان و
لە شاری کە ڵا ر،بە تایبە تی ها تە پێش کە ش کردن لە قاوە خا نە ی کە لتووری میللە ت)) .
ئێوارە تان باش،

بە ر لە هە موو شتێک وهە ر دە سپێکێک، دە خوازم لێرە وە، لە م دە ر فە تە وە پێم خۆشە سە ری سووجدە م بۆگیانی بە رگری و تە حە دای پێشمە رگە دا بنە وێنم و، ئیکلام لە بە ردە م هە یبە ت وشکۆ ی گە وڕە یی و شانازیی ئە واندا بکەشم ، ئە وان بۆجگە لە وە ی کە ناسنا مە ی بە رگری میللە تێکن لە بندە ستی ،ئە وان نا مووسی سە

ربه رزی و غیره تی کوردن که به درۆژایی مێژوو وو تووبه تی نا بە زەرداری.
((له بیابانی عەرەبی بەفر وەک ئەرەێ هەر بەتەنیا بەسەرئەیاسەفیدا نابارێت،بگرە بەسەر بیرەوەرییەکانیشدا دەبارێت.
لەرە،دوور لە گشت شەو ێوداووە سەروبنەکان،هەموو شتێک ێوو لە کەتاییە،بەر لەبەرپابوونی قیامەتیش هەر بێدەنگییەکی لەو جۆرە دێتە ئاراوە.))

ئەرهان پامووک

– لە دەمە وە،جا رێکی تریش فرە بە گە رمی بە خەرها تنی هە موو لایە کتان دە کە م وهە تاەادە ی سوکنایی هاتن و هەور بوونە وە ی پە لە وە رێکی تە ریووی سە ر هە ێگرتوو لە دارستانێکی دوور و، داێدە دانی وە ێە ئاسکێکی هە ێاتوو لە بێشە ێانێکی چەدا، خەشحاڵی و خە نی بوو نی خەم دە ردە بێم و، بە دیداری زەرێک لە ئەوە کە شانتان خستەتە ژێر باری عە زیە تی هاتن لە م ئەوا رە نا وە ختە داو، دورژانگە دان بە دیار چیرێکی لە گێانە وە نە ها تووی دێی ئە و پیاوە ی کە ووەاتە کە ی بێجە لە حیکایە تی دە ردە داری و ئەشی سە خت و سزای هە تا قا می قیامە تی ئە نفال و، ئە نفالی بارزانییە کان و هە ێە بجە و شە نگا ل، هیچ حیکایە تێکی تری شانازیی نییە بە باس کردن.
هە ێبە ت هە روە ک و ئەوە بە ێێزان لەتان عە یانە و پرسیا ر گە لێکی عە یا مێکی دوورو درۆژیشە لە دیارنە مانی من کە لە پشت بێدە نگییە کی سا ردی ئاسنینی دە یان دیواری کەنی هە زار ساەە یی قووەە وە وە ک بە شێک لە حیکا یە تی کارە ساتە کانی ئە م ووەاتە ،بە سە بری ئە یووب و سە نگینی بە رد ،دا نیشتووم وماجە راو ئە فسانە ی ئە م بێدە نگییە شم ، نە لە لای هیچ درە ختێکی کەنە ساەی بە ر نسرم و و نە هیچ گوێ ئا گردانێکی ئە م زە مانە بە سانا یی بە لە گێانە وە نا یە ت، هە تا جا ێس بوونی بە ردیش لە بێدە نگی وهە ێچوونی ئاوو لە ێێیشتن و ێاوە شاندنی سە ری نەازی درە ختی بە ر ماەە کە مانیش و وە دە نگ هاتنی بە شێک لە ئەوە و لە خوێنە رە کانی ترم لەرە و لە وێ ،لە وانە ش کە یە کێک لە وبە ێێزانە ی بە ناوی (ئارام نادر) ە وە لە دە قە رەن سلەمانی ، ،دە ێت:
(..رێک سیانزێ ساێێ ئەمێ لیسا دەخوێنینەوەو بەمان خەتم ناکرێت، سیانزێ ساێێ پرسیار لێ لیسا دەکەین و وێاممان دەستناکەوێت..
ماوێ یە کی زەرو تاقەت پەوکێنێ، ئەمێ بەدوای دیەوکەی دیکەی لیسادا دەگێێین و سەراغی نییێ) بە رواری ئە م نا مە یە سەی (2013) یە….

ەە نگە کە م تە رخە می زە ما نە و پشتگۆ خستتنی ەە نگی من و شاردنە وە ی سیما ی زۆاەی و ئادە می من لە نۆو هە موو ەە نگە کا نی تردا و ، بۆ دە ر بە ستیی ەەژگارەکی سە یری بۆ ئینسافیش لە حاست ئە دە بی من و عیزە ت بە رزی و شکۆی خۆ نە پشە وە بردن هەکا ر گە لەکن لە ئە سڵی دیا ر نە ما نی من..... ئە من سا ەە ها ی ساڵی دوای ئە م هە موو دیا ر نە ما نە ، ئە م هە مووە لە قە ستی فە را مۆ شی و پشتگۆ خستنە ،نە هیچ ەووە یە کی ئە وتەم ها تووە لە خۆ پیشا ندانی خەم و نە دادی شکایە تی ئە م گلە ییا نە شم بۆ چووتە بە ردە می حوکمی ەە وای خە لافتەکی ئادە می یان هە ر میرینیشنەکی تری عە دالە ت.. ئە مە هە مما ن ئە و گلییە یە کە(سە عدی) نە یکرد، مە حویش نە یکرد، (حا فز) یش نە یکرد، ئە منیش نا یکە م، هە ر وە ک و حافز دە ەت:

حا فز ەسرار ەلهی کس نمی داند خموش
از که می پرسی که دور روزگاران را چه شد.

یەشار کەماۆ کۆ من زەرم خەش دەوەتن، لۆ ەەمانی (آگر مار را بکوشند، ئەگەر مارەکیان بکوشتایە)دا، کۆ پاەەوانی دەقەکۆ ناوی حەسەنە(ئە گە ر دروست زە ینە م وە بیە ری بۆتە وە). حەسەن کوەەژگەیەکی منداۆ کارەو لۆ گووندەکی دوورەدەستی ئەم دوونیایەدا دەژی و لۆ ژەرباری قوورسایی ستەمۆ گەورەکاندا کۆ بەزەییان بە مەردمندا ی حەسەندا نایەتەوەو ەجای دادەک ناگرن، حەسەن ەوو دەکاتۆ مەملەکەتۆ دوورەکانی بەدەنگییەکی قووۆ وسەر دەخاتۆ سەر دەئەشاوی خەی و هەرگیز هیچ قسەیەک ەەگەۆ هیچ بەنی بەشەرەکی خوادا ناکات ،خەکی هۆ موو گووندەکۆ پەیان وایۆ زمانی لاەە، ەەژەک وەک هەموو ەەژەکی تری تەپەەینی ئاسایی بایەکی خەرا بۆ لای دارستانەکی چەداو، هە ەفەینی بە پە لە ی باەندە یە ک و، دە نگی خشپە ی بە ئاستە می هە ەوە رینی گە ەایە کی لە ناکاو و، دەوروبەری چەشتۆنگاوەکی گەرمی گووندەکەی حەسەن و لۆ نەزدیکی مزگەوتی دەیەکەدا،ئالەو کاتەدا پیرۆ پیاوەک کۆ بۆ مزگەوتەکۆ دەەوات و لۆ پشتەوۆ ەا بانگی حەسەن دەکات کۆ بۆ نۆو گووندەکەدا شەدەبتەوەو بۆو ئاقارەدا تەدەپەەت، حەسەن ئاوەک دەداتەوەو دەەت:
- بەەە...
پیرەمەردەکۆ لە هیک ەا دەەەت باشۆ حەسەن ، ئە تۆ قسانیش دەکەەت...!
حەسەن دەەەت: بەەە، ئەگەر کەسەک گوەم لۆ بگریت، ئەمنیش قسان دەکەم.

هه ێبه ت کەمه ێگا ی کوردی به سه رده می ما نیفاکچه دا (Manufacture) تەده په ێت و، هیچ عه یبه و عاریه یه کیش له ما نیفا کچه بوو ندا نییه، به و پێیه ی هه موو پیشه وه ره کانی وه به رهه م هەنا ن و پێوه ره له پێشینه کا نی ئا بوو ری کە مه ێگا گەێانکا ری ێیشه ییان به سه ردا دەت و ێگه بژێرخا نێکی ئا بوو ری نوێ خەش ده که ن ،کەمه ێگا به هه موو یه که جیا وا زییه کا نییه وه ده باته نێو قه یرا نی توند وتا ئه ندازه ی شەه ژا نی تا ک ، له خێی و ده ورو وه ری و گوو ما ن و تەێوا نینی تازه ی له بووو نی په یوه ندییه نوێیه کا نیدا له گه ێ بووو ن و (Material)،مه تریاێه نوێیه کا نی ده ورو به ریدا،ئا له م سه رو به نده دا ێه ووتی کەمه ێایه تی سه رخا نی ئا بووری کەمه ێایه تی نوێ ده خوازەت و ێخستنی سیستماتیکی سه رخانی سیاسی و ده سه ێا ت و مه رجه عی ده سه ێات ده خوازەت. ئه گه ر چی ئه مه با به تێکی سیاسی ئا بووریه و قسه و باسی دیکه ی ده وەت، به ێام ئیتر کەمه ێگای کوردی به م هه موو ناو و نیشانه ی قه یرانه وه نا کرەت کەمه ێگایه کی پێله قه یران و کریز نه بەت وکەشه ده روونیه کانی بشارینه وه،ئه مه بەجگه له سه ربارو کاریگه ریه قوو رسه ده ره کیه کانی ووێاتانی ده ورو به رو ، Recessionی ئا بووری سیاسی ێژئا وا،هه ێبه ت ئه ده به که شی و هوونه ره که شی هه ر به شێکن له قه یران و ێه نگدا نه وه ی ئه م قه یرانه ن. کورت و مه خله س لێره وه من له گەشه ی سه نگینی و په راوێزخرا ویی به ئه ده ب و بەده نگی قوورسیی خەمه وه هیچ گله یه کی ئه وتەم نییه بیکه م.ئه گه ر گله یه کیش بکه ین ێووی ده می گله یمان بکه ینه کوێ یا ێه بی؟. هه ر وه ک و حا فز ده ێت:

قانع به خیالی ز تو بودیم چو حافز
یارب چه گدا همت و بیگانه نهادیم .
((حافز)).

ده ربه ده ری و ده روه زه کردن له ده رو دێی ووێاتاندا، مرۆڤ ده باته ژێر باری فه رمانی ناێه واو سه ختی نا دادی ێژگارێکی سه یرو بێ ئینسافی زه مانه یه ک که ناچاری ده کات شان بداته به ربای فه رمایشتی زه بری ژیان و بەده نگی قووێ و ێچوویی خێی.
-(گه یبرێێ گارسیا مارکیز) ده ێت: دوای بردنه سه ری ێژا نێکی دژوارو سه خت له (پاریس)دا بێکا رو موفێیس ده سووێامه وه و، دوای سێ ێژ برسەتی تینی بێ هەنام و ناچار بووم له ناو میترێکانی (پاریس)دا ده ستم پان کردده وه و ده سته سێی سواێکردنم ێاخست. ئه

وپیاوه فه ره نسییه ی که بۆ یه که مین جا ر چه ند (فرانک)ێکی خسته ناو ده ستمه وه، وویستم پێی بڵێم من سواڵکه رنیم،من(گه یبرێ گارسیا مارکیزی نووسه ری ئاراکاتاکای کۆڵمبیام)، بڵێام ئه و گوێی له من نه گرت.
له چێشتخا نه یه کی هه وروپایدا وه ک شاگردێکی به رده ستی و خزمه تکار،کرێکاریم ده کردو بۆجگه له خاریجی وهه وروپایه کا ن و منیش، شاگردو وه ستای کوردی دیکه ی تێدا بوون. ئه من له دونیای خوادا هه رکه ی سه رو دێم ده گیرێت و خوێقم ته نگ ده بێت ،له به رخێمه وه وه ک بڵێه بۆ حه زده که م هه میشه به یتی غه زه لێکی سه عدی، یان حافز، عه تار،مه حوی ،ئا یه تێکی قورعان،په ره گرافێکی ئینجیلی ممه تا،لێقا،دار، به رد،چووزانم ،هه رچی شتێک بێت به ده ممدا هه ر له به رخێمه وه ده یخوێنمه وه و ده یڵێم ، ئیتر ئه گه ر که س گوێم لێ بگرێت یان نه یگرێت گرینگ نییه بۆ من .
له ناو ئیشه که مدا که به ڵێکه وت ،زۆر جاران که به یتی غه زه لێکی گه وره شاعیره کانم ده خوێنده وه یه کێک له و کۆمه کوردانه ی که خه ڵکی ده ڤه ری(سلێمانی) بوو به دا خه وه که نا وه که یم له بیر چوویته وه ،ده هات و زۆ به شرینی گوێی ده گرت و داوای لێ ده کردم غه زه له که ی بۆ شه رح بکه م.

ووژگاری فانی به تێپه ڕینی کاوه خێ و،له سه ره خێی بۆ منه ت ده ها ت وت و ده چوو،کوڵۆگه ی یارێ که باسمان کرد ڕۆژکیان ،ها وه ڵکی گه نجی تری خێی ها ورد بۆچێشتخانه که، که هه م قووتا بی زانکۆو هه م خوێنه رکی شێلگیری سه ر راست بوو به منی ناساند،که زۆر به داخه ناوه که ی ئه ویشم له بیر چووه ته وه:
دوایی خێش و دش و، من باش و تۆ باش،قه یه ڕک به حس و خواسی ئه ده بی و فیکری درۆژ دادێمان کردو من له داستێیه ڤسکی و،شێرزاد حه سه ن ومه حوی و کاڤکا و عه تاروه مشتم لێ گرتبوو، که ئه و له هیکێا ڕووی ده می پرسیاری کرده من و گوو تی :

_قووربان، ئێوه مه هدی ساڕح ده ناسن؟.
_گووتم، نه خێر قووربان،مه هدی ساڕح سه رو سه کووتی کۆیه ؟.
_گووتی ئاخر چۆن ده بێت، ئێوه ئه وهه موو کتێبه تان خوێندبێته وه وقه سیده ی لیسا نه ناسن؟.
من درێیه کی با ریکم بۆی کردو، گووتم ئه وکا برایه ی که ئێوه باسی ده که ن کتێبی نییه، ئه گه ر کتێبکی هه بێت حه تمه ن من ده مخوێنده وه.(له پێ درکه ی من سه ری گرت و)، ئه و گووتی ڕا سده که یت ئه م ده قه چاپ نه کراوه، منیش به ده ست نووس په یدام

کرددوه:
کوه لاوه که ک به شک له قه سیده ی لیسای که له به ربوو، خوندییه وه. وه ختک که گه یشته ئه و به یته ی که مرق بریندار ده کات و ده ت:
لایه ک له دیواری ته مه نم وخا و،پیرتیم که وته ده شته وه.کاریگه ری له سه ر منیش داناو،زر بده نگ بووم.
_گووتی، وا دیا ره ئوه ش بتاقه ت بوون، ئه گه ر حه زده که ن نوسخه یه کتا ن ب ده هنم.
_گووتم ئستا ئه وکا برایه، مه هدی ساح، له کویه؟.
_ئه و گووتی،لره نه ماوه،وا بزانم مرددووه.
_گووتم خوا عافوی بکات. هه تا قه ده رک هه ردووکمان بده نگ بووین و، زر به ئه سپایی و به زه و ته ماشای یه کتریمان ده کرد به ام هیچمان نه گووت.
قه سیده ی لیسا من و کوه لاوه که و براده ره که ی کرده هاو و دواتر منیان به پک له هاوکانی خیان ناساند که له (Take away) کدا کا ریان به یه که وه ده کردو،هه موویان له هه وادارانی (لیسا) بوون و زریان به سه ر یه کدییه وه هه بوو.زربه یان خه کی شاره کانی سلمان وده قه ری گه رمیان و، خه کی زهه اتی کوردستانیشیا ن تدا بوون.
من که زر جار دره نگانی شه و دوای ته واو بوونی کارده چووم بلایان، ده مبینی ئه وا ن که قه سیده ی لیسایان ده خونده وه هه ندک جار بتاته قه ت ده بوون له گه ه وای ساردی غه ریبی و مه شروب خواردنه وه و کووا نه وه ی بریندی ده ر به ده ری سه ردی خیان و،به ئه و په ی په ستییه وه تووه ئه بوون له خیان وله هه موو دونیا وجنیویشیان به مه هدی ساح ده دا.منیش بده نگ ته ماشایانم ده کرد و هیچم نه ده گووت.
ئه وان ئیتر به شکن له هاو خشه ویست و له بیر نه چووه کانی من.

به ر له دوماهی:
وه کی کورمانج د بژن ، مه گه له ک که یف خش و سه ربلند بویم دقردا و بهه قاو د خزمه ت وه دا، ئا ن دا خویانی وهه قپیقین ها ته دارخستن و چ کرن، هه روه سا مه گه لک که یف خش بوویم ب دیتن وه و، چه عقل مه په ه وشن بووی، لره وله گه رمیان، زدی ئه نفال و باوانی گه وره ی به شک له کا ره سا ته کا نی کوردو، سه رده می گرانی و نه بوونی ویه کتری کوشتنی براکان و گووه وه چنه کردنی که س و کا ری ئه نفال کراوان و شان شکردنی گه وره

پیاوانی ئەم ووڵاتە لە ئیدا رە دا نی ئە وا ن و مە یسە ر نە کردنی ژیا نێکی شایستە بە وان، بە شێکن لە بیرە وە رییە تاڵە کانی من و دەعا ی هەشتا گیرا نە بووی مە غریبانی سە ر بە رما ی دایکانی کەسکە وتی نێو کارە سا تە کا نی کوردن.
لەرە وە بەجگە لە سووپاسگوزاری بێ قسوورم سە با رە ت بە ئە رک و زە حمە تکێشانی ئێوە، حە ز ئە کە م ئە وە بڵێم کە ئە من هە میشە گووتوومە خوێنە رە کانم بە شێکی قووڵن لە ها وڕێیە تی ڕاستگۆیانە ی دووڕە پە ڕەزی من. ئە من لە م تە نهاییە دوورە دە ستە ی خەمە وە ئە وانم خستە وڕێت بە هە موو هەڵە نگە کانیانە وە،بە هە موو ئینسافێکی سا ف و سایە قی شینایی ئاسما ن و گە ڕمایی پێ لە سە وزایی تەڕی بە ها رو ماریفە تی شکێفە کردنی گووڵ لە ئینجا نە ی سە نگینی داخراوی پە نجە رە دا. زۆرێک لە وا ن لە زۆربە ی شا ڕە کانی کوردستاندا، لە خێشە ویستیاندا بێ دە قی (لیسا) نا وی منداڵە کا نی خۆیا ن ناونا وە(لیسا) ، ئە من لە حە قیقە تدا ئە وان بە خاوە نی خۆشم و لیسا دە زانم.
جا ڕێکی تریش زۆر بە گە ڕمی بە خۆڕهاتنی هە موو لایە کتان دە کە م و دە ستە کانتان بە گە ڕمی دە گووشم.

بچووک و ئە ز بە نیتان

November،11th/2016

!چەند دەستەپێشتووە، منداڵیی … ەبباز مەحمود

منداڵیی شەڕەکێ
لە لەفەکانی کارەساتیشا
فریای ئەوە دەکەوێ
لە پەنجەرەکەوە
ژیان ببینێ و
نەهەڵە بەتەواوی وەرگەڕێن .. !
…

لە بناری گوندەکا ،
منداڵیی هەمیشە ئەستێرەکی پڕ
لە سەتان هەورو
چەندەها سوچی ئاسمانەوە
بڕەدەوام ڕژانی سەرسامی و
لەزەی بارانی تەدڕژە ..
گەر تەنانەت
جەنگ فڕۆی گشتیشی
داگیرکردبە و
هەڕەشەی ئاگرو ئاسن ببارە !
…
تەنیا لە منداڵیدا
شریخەی دەستڕژ و
زرمەی ناپاڵم
بە گرمەی هەورو
چەهچەهەی بولبول و
خوڕەی قڕبڕەی قاقا ناگەنەوە ..
…
دەستی منداڵیی هەندە چاپووکە
دەتوانێت چنگ بکات بە قاسەی زەماندا و
ساڕێک دەربێنێ و
هەمووی هەڵڕژێتە ،
ناو مشتەکانی ڕژێکی جرپنەوە …
ڕژێک ،
کە فریای هەموو شتێک بکەوێ …
بە نموونە سەر لە کازیوە بدات و
وەرزێک لای بمێنێتەوە .
چەندین هەفتە
لە ئاست بزەی ژاوی خەر
لە سیمای چەشتەنگاوا
بەسەربەر و
هەشتا زەر زوو بێت بە نانی نیوەڕۆ …!
…
ئاه .. ئەگەر ئەمە ،
هەگبەیەکی پڕ منداڵیمان پێ نەبوایە ..
لاوێتیمان
مەرگەبی ڕەنگاوڕەنگی

نامەکانی وەفا و
دڵە تەنکانی ئەفیندارى ،
لە کوێوە دەست بکەوتایە ؟!

…
ئەباز مەحمود

بۆ… نەوشیروان مستەفا بەدەنگەوە …؟ … بەختیار شارەزورى

نەوشیروان مستەفا وەک هەڵکەڕێ گشتى بزوتنەوەى گەلان کارى لەسەر ئامانجەکانى ناو بزوتنەوەکەى کرد ، بەوەى لەم زەمینەدا ژینگەى گشتى ناوچەیى لەبارە بۆ ئەوەى کورد بتوانێت لەو کێت و بەندە مێژوییە بێتە دەرەوە و درێژکراوەى ستراتیژى وەاتان نەبێت ، کارى ئەم پیاوە دژى هیچ کەسایەتیەک نەبوو ، هەندێ نەبێت کارى لەسەر بەینى ئەم هەگبەى (مێژوو کردە) کردوە ، بەوەى ببینە خاوەنى ستراتیژى سەربەخۆى نەتەوەیى خۆمان ، ئەو کات وەاتانى ناوچە وەک دراوسێ ناچار دەبون کە مامەڵە لەگەڵ هەرەمەکى سەربەخۆى خاوەن ستراتیژ بکەن ، نەک وەک پاشکۆى بەرژەوەندییەکانى خۆیان ، نەوشیروان مستەفا دەیویست یەکێتى و پارتى ناچار بکات بە دەست بەردان لە هەکەوتنى ستراتیژى و کار بە بە نیشتمانى کردنى کۆى پرسەکان بکەن ، لەبەر ئەوەى هەکەوتنى ستراتیژى هەندێ هەکەوتنەکە لە نەوان تورکیا و ئەراندا ، هەندێ هەکەوتنەک نیە لە نەوان پارتى و یەکێتیدا تەنها بە وەکالەت نەبێت ، ئەم پیاوە ویستى دەستى پارتى و یەکێتى لە پاشکۆیەتى دەربهێنێت و بیانکاتە خاوەن سیستم و ستراتیژى خۆیان و دەستاو دەستکردنى دەسەات بکاتە نەریت ، بەڵام لەبەر ئەوەى بەرژەوەندى سەرانى پارتى و یەکێتى بەستراوە بە هەکەوتنى ستراتیژیەوە ، وە بە ئەران و تورکیاش قازانجە کە کەلتورى خۆە حکوم بکات ، تا سەرەک خۆە بگرن کەى هەرەم بگرن، ئەم پیاوە کە زانى نە پارتى و نە یەکێتى ئەو ئیرادەیان نیە و دروشمەکانیان جگە لە سیناریو و ماکیاج هیچى تر نیە ، چونە ناو دەسەاتەوە تا گوشاریان زیاتر بێت ، بەڵام تورکیا بە تایبەت

(چونکە تورکیا لە عێراقدا بەس پارتی بە دەستەوەیە وەک کارت و سونە پێراوێز خراوە... بەڵام ئێران ناوەندی عێراقی بەدەستەوەیە بەیە نەیان هەشت ئەم ئامانجە بکرێتە کردار) ، داواجار بە ناچاری گەڵایەوە بە یاریەکی تر ، کە هاوسەنگی هێز بو ، بەڵام هەر زوو بە پلانی تورکیا کار بە دوکەرت کردنی یەکیتی و یەکگرتو کراو نەیان هەشت ئەم هاوسەنگیەیش سەر بگرێت و گەڵانەوە بە ڕێککەوتنە ستراتیژیەکە کە ئێستا هەمو حیزبەکان پاشکەن تێیدا ، تاکە هێزێک لە بەرامبەر پاوان خوازی پارتیدا گەڵانە و بەردەوامیش لە ململانێدایە ، وە نەوشیروان مستەفا دەیزانی کە ئەم یاریە یاریەکی ناچاریە ، وە ئەوەشی دەزانی لە سایەی حکومەانی ئەم دو حیزبەوە ئەم دەخە دەبێت ، بەیە وەک ساڵی ١٩٩٠ چاوەڕێ ی گەڵانێکی ناوچەیە ، وەک گەردەلولی بیابان و هاپێین (ئەگەر تەمەن باقی بێت) کە لە ئێستادا دەکاتە پێسەی موسڵ و دوای موسڵ ، ئەم پیاوە دەزانێت کە دەسەاتە لەکاییەکان توانای گەڵانیان نیە بە ئاراستەی ئامانجەکانی بزوتنەوەی گەڵان ، هەموی بەستراوە بە گەڵانکاریە دژەکییەکان و بە تایبەتی تر گەڵانکاریە ناوچەیی و جیهانیەکانەوە ، بەیە ئەم پیاوە هەر کات زانیبێتی دەتوانی یاری خێی بکات و کاریگەری دەبێت ، ئەوا یاری خێی کردوە ، هەر کاتیش زانیبێتی هەر یاریەک بکا یاریچیەکی گەورەتر هەیە لە دژەوە ، ئەوا یاریەکەی خێی وەستاندوە ، لە ئێستادا وەک ١٩٩١ چاوەڕێ ی دوای موسڵ ، ئەوەش دەزانێت کە تورکیا بە بەرژەوەندی سەرانی (ئاکەپە) تونەد تر دەبن لە دژایەتی کردنی ناتە و ڕوسیا ، ئەمەش نزیکی دەکاتەوە لە کەناری بچوک بونەوە بە تایبەت دوای ئەوەی کە نەیتوانی بەشداری موسڵ بکات وەک هێزێکی کاریگەر ، بگرە لەوەش بچوک تر هێشەکانی بە سەر تەلعەفەر سفر بویەوە ، لە بەرامبەردا ئێران لە هەر چوار لاوە لە فراوان بوندایە ، بە جۆرێک وەاتانی خلیج بە سوعدیشەوە ترسی هاتنی حشدی شعبیان هەیە بە ناو سوریا ، کە بە ئاشکرا ئێران دەڵێت دەچینە ناو سوریا ، بەگومان بە گەڕپی سوزی ناتە و ئەمریکا و ڕوسیاوە ، چونی مسعود بارزانی بە ئیمارات هەر لەم چواچەوەیدایە ، وە دابەزینی بە پرسی هەڵبژاردن هەمان کاریگەری گەورە بونی ئێران و بچوک بونەوەی تورکیایە ، نەوشیروان مستەفا کە بەدەنگ چاوەڕێی ئەم گەڵانیانەیە ، ئیتر دوای ئەم گەڵانە یاری سێیەمی نەوشیروان مستەفا دەست پێ دەکاتەوە و دەتوانێت ببێتە ئاراستەکەری نەوەی سێیەم وەک ساڵی ١٩٩١ ، ئەم پیاوە بەیە بەدەنگ چاوەڕێ ی یاری یارچیەکانی ناو گەڵپانکەیە و دوای دەڵانی یەکێکیان ئەم دێتە ناو گەڵپانکە و یاری سێیەم دەست پێ دەکات ، بەگومان بە تەگەیشتن لە تاکتیک و فەڵکانی یارچیەکانی

بەرامبەری ، وە ئەستە لە دورەوە سەیری دەکات و باش لە فەرهەنگ و کات نەوشیروان مستەفا بە کردار دەتە دەنگ.

بە یادی نووسەری ئالیست، بیرمەندی هزرڤان "حەسەن قزەجی ..." شاد- مستەفا سوتانی !

پردەکانی جوانی !

هەزدار حەسەنی قزەجی، نووسەرەکی ئالیست، ژیر بژ، و بیرمەندەکی هزرڤان و چیرەک نووس و کوردی زانەکی شارەزا و ، خاوەن بیری چەپ ، سیکولار و ئەندیشەی ئەنترناسیونالیستی بوو . کورتە چیرەک و بارەمە جوان و ناسکەکانی هەنگین و لە بواری ئەدبی کلاسیکدا داهێنەرانە بوو . حەسەن قزەجیە داهێنەری لیهاتووی "پردەکانی جوانی" بوو . لە نیوان بارەمەکانی " گی دی موپاسان" و حەسەن قزەچی وەک چونەک هەیە. حەسەنی قزەجی کارناس ، لێزان و شارەزای وشەی کوردی، ئیستەتیک، خاڵبەندی، هێنووس (ئوتەگرافی) و دیاردەکانیی هەزمانی وەک: مەرفیم ، سینتاکس و فەنیم بووە . ئەگەر چی بیر و بوچونی بەلای حیزبی تووددا شکابوەوە ، ئەمما لە پلورالیزم ، فرە چەشنی و بیر جیاوازەکان هەزی گرتوە. ئەندامی کەمەڵەی ژە – کاف بووە و، لە زمانی کوردی ، فارسی ، تورکی ، بولغاری و عەرەبی فرە شارەزا وبە توانا بووە . لە گەڵ بەهەزان : هەژار، هەمن و زەبیحی خزمەتی گەورەیان بە ئەدەبی کلاسیک و زمانی کوردی کرد و،لە گەڤارەکانی جمهوری کوردستان هەچیەکی بەرزیان لە بەستەنی هەنراوەشیعر، چیرەک و پەخشانی زمانی کوردی شکاندوە .

جا بدەن وە ناو کوچەی شاران دا ،
وە عیبرەتم کەن جە بازاڕان دا ،
شەرت بە هەر ساعەت مەیلت زیاد کەم ،
خاتر هەر وە عەشق باکەت شاد کەم !

(خانای قوبادی)

ساڵی ١٩١٣ زاینی لە گوندی قزڵجێی هەرمی بەکان لە دایک بووە. ساڵی ١٩٤٢ ی زاینی ئەندامی کۆمەڵەی ژ – کاف بووە . ساڵی ١٩٨٤ی زاینی لە زیندانی کۆنەپارێزان و حکومەتی توتالیتری جمهوری سەدارێی ئیسلامی گیانی بەخت کرد . ئەمما کار بەدەستان ، ڕێبەران و حکومەتی سوڤیەت ، نە بە مەرگی جەناب حەسەنی قزڵجی و نە بە بیرمەندان و ئازادیخوازانی تر لە دژەهەڵاتی ناوەڕاست، کە دەورانێکی دوور و درێژ لە سیاسەت و هەڵبازی سوڤیەت پشتیوانیان کردوە ، هەڵوێستێکی مرۆڤدۆستانە، ئادیکاڵ، عەدالەتخوازانە و ئیعترازی یان نە گرتوە و، وەک جاری جاران سکوتیان کردووە .

* * * * *

زمانی کوردی خەم فەر بووم و لە ئاستیدا گوناە سوورە بووم و لە سەر بەردی ڕەق ڕوام . هیوادارم خوێنەرانی خۆشەویست و زۆر بە ڕەز بە چاوی لیبوردون و لوتفەوە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەکانم چاو لێ بکەن و ،لە کانگای دەمەوە سپاستان دەکەم . هەنگ ئاسا ئارەزووی مژینی شیلەی وتارکانی حەسەن قزڵجیم و، لە کاتی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی جارە هەستێکی نادیاری حورمەت و ڕەز گرتن دامدەگرێت. لە یادی سەدویەکەمین ساڵڕۆژی لە دایک بوونی
نووسەر، تەنیا دەتوانم لە گەڵ ئەم وتارە ، دەستچینێیک پێ لە گوڵە بەنخەشکانی داوێنی کویستانەکانی هەورامان و پەدەشتکانی مەریوان پێشکەش کەم .

پێلبەندی شاکارەکان :

١- بواری ساتیر، ئەرەنی و ئیستعارە
ڕەزدار حەسەنی قزڵجی لە پێش ڕۆژگار و قەناغی خۆ هەنگاوی نا و، یاسا شکێن ، سوننەت شکێن و داب و نەریت شکێن بوو . لە نوسراوەکانیدا ، زۆر بە جورئەتەوە ، لە ئامێری ساتیر بە شێوەیەکی شارەزایانە کەڵکی وەر گرتوە . نووسراوەکانی خیاری گوە بەدەم و ناسک و جوانن و تێکهەڵشڵانی کارساتەکانی دڵگیرانە کردووە . چیرۆکەکان یەک لە یەکتر ناسکتر و جوانترن . نووسراەکانی قزڵجی بەرەوژوور، تا ئاستێکی بەر دڵگر بەرەو چەڵە پەپێی جوانی هەڵکشاون و ئامانجیان پێکاوە . نمونە: بازار هەمووی بەسە، کەمین و حەشارە بە تەنیشت یەکەوە ، لە هەر حەشارێکدا ئاوکارێک دەستی داوەتە چەکی نیوگەز، یا تەڵەی تەرازووی ناوەتەوە و یا خێی مات داوە . نەچیر

وەک لافاو لەم سەروە بە ساغی دەن و، لەو سەروە کە دەر دەچن هی وایان هەیە نیو گەز گیرفانی دەیو و، هی واشیان هەیە کیسەکەی بە تەوە بووە ! هەبژاردنی سەر وتارەکان ، لە قاپی ئیستعارە و ساتیردا ئاوینەی بالا نوێنی هەژایی و هوشیاری ئەو نیشان دەدەن . لە شیوازی دیالۆگ و قسە و باسی ئاژەڵان زۆر مەبەست و گرفتی کەمایەتی باس دەکات . نووسەر تەنها لە دوو دانە لە چیرۆکەکانی یانی عادەتی بازار و سەر فیترە باسی ناکۆکی و ئانتاگۆنیزمی شار دەکات . ئەمە بە نووسەرێکی ئالیست ، کە ناکۆکیەکانی شارەندانی شاری کەمتر لە بەرچاو بووە خاڵی پێزیتیف نیە . دەبوا بەستێنی شار ، کەرەسەیەکی چاک بە نووسینی چیرۆکی گرانبەها بوایە. دیاردەی کۆچی ناچبەران بەرەو دەندەکانی بازاڕی شارەکان، لە چیرۆکەکانی پێکەنینی گەدا و شەهیدی زەمە ، لە چلەپۆپەی دەساتی زمانەوانیدا باس کراوە . تەنز و ساتیر وەسیلە و بابزێکی تیژ و چەقۆی لە هەساندراوی نووسەرە ، کە جار ناجار حیکایەتەکانی پە دەرازێنێتەوە . بە نمونە لە داستانی خەمی پەموو کاراکتیری شەخسیەتەکانی ئاوا دەناسێنێت : سەفی قادر بەرپرسی بانگی مزگەوت،سەفی نامیق جووتیارە، خانقا بە تەهلیلە و خەتم تەرخان کراوە، شەخ بەکار و خەریکی تەزبیح گەردانە ، مەلال جەلال کرکاری دینیە و میرزاعەلی ناشایی لەشکرە . ئاگەر کورد خاونی حکومەتی خۆی دەبوو و ، حەسەن قزلچی لە ژێر چەتری ئاڵای وڵاتی سەربەخۆی کوردستان و ستاتوسی حکومەتەکەی بژیبا ، لەئاستی نووسەرانی تری جیهان وەک : سالتیکۆف شچدرین ، عەزیز نسین ، مەلا نەسرەدین*، یولماز
گونای ، عوبید زاکانی، سەمەد بیهەنگی و کی دی موپاسان لە ئاستی نونەتەویدا دەناسرا و نوسراوەکانی بە چەندین زمانی زیندووی جیهان تەرجومە دەکرایەوە . شەخ نەزای تاڵەبانی لە هەنراوە و شیعرەکانیدا ، پەنای بە ئامێری ساتیر بردووە .
لازمە بە شەخ سبەینان گورگە خەو –
تابەن شەخ عابیدە و نانوە بە شەو !

۲- بواری پەخشان :

ێزداران : حەسەنی قزەجی ، ئیبراهیم ئەحمەد * ، شوکور مستەفا ، پشکۆ نەجمەدین،
فەرهاد شاکەلی ، نەواس ئەحمەد ، عەبدوللا ی حەسەن زادە ، ناسری حیسامی، عەلائەدین سەجادی و عەبدولڕەحمان زەبیحی لە مەیدانی پەخشاندا، نەچێکی بەرزیان شکاندووە . ئاسەی بیر کردنەوەیان

سنورەکانی تێپەڕاندووە و خوێنەر لە خوێندنەوەی چەواشەی مەشکیان هەرگیز وەڕەز وماندوو نابێت . نووسراوەکانی قزەجی بە زمانێکی ڕەوان، سادە وهەموار نوسراوە و، هەموویان شێوەی ساتیر و تەوسیان پێوە دیارە . حەسەن قزەجی زمانەوان و شارەزای هەموو شێوە دیالکتەکانی کوردستان بووە و، وەک گەنجینەیەکی زمان، کێکی لە وەر گرتون .
سەرجەم نووسراوەکانی بە دیالکتی موکریانی نوسیوە و ، دیالکتەکانی هەورامی ، سنە یی و شارەزوریش لە نوسراوکانیدا بەرچاو دەکەون . ئەم زمانە وەک جگە و ڕووبار بەرەو دەریا ملی ناوە و بە هەز و بلاوینە . شێوە و قاڵبی نووسینی هەندی جار بەرەو ستیل و داشتنی ئیستعارە و ئیشارە هەنگاو دەنێت . قاڵبەکان نووسینەکانی حەسەن قزەجیان دیاری نە کردووە ، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ،دەسەزی و کاری نووسەر قاڵبەکانی دیاری کردووە . قارەمانی داستانی شەهیدی زوڵمە ، کفن و شەردنی ناوە ،جووتیارێکە ناوی هەباس ە . نووسەر ئەم قارەمانە، لە هەموو کارەساتە تاڵەکان بەشدار دەکات و برستی ئەوەندە زۆری بە دەنێت کە ، خەی لە مزگەوتەکەدا دەبینێتەوە . خادمی مزگەوت ، پرسیاری لەدەکا و هانی دەدات مزگەوت بەجێ بهێڵێت . ورزەر، لە ناچاری مزگەوت جێ دەهێڵێت و لە تاو برستی لە قەراخ شار گیانی لە دەس دەدات . نووسەر بەشێوەیەکی لەزانانە و پسپۆرانە، قارەمانەکەی تا ئاسوی ئۆسەر نادیاری ئومێد و هیوا پەروەردە دەکات ، بەشکم لە برسا نەمرێت ، بەڵام نووسەر بە پێیامێکی مەژووویی، دور لە ئارەزوو و مەیل و خواستی خەی ناچارە قارەمانەکەی بکوژێت . ئەو مرۆڤانە کە ویجدانێکی ئاگایان هەیە ، بە تراژیدی مەرگی وەرزەر(هەباس) فرمێسک لە چاوانیان دێتە خوار و هەست بە پژارەیەکی بەر فراوان و قووە دەکەن . لە پێکەنینی گەدا قارەمانی داستانەکە "حەمە ڕەش " کەرامەتی لە لایەن سیستەمی تالان کەری جیهانی، داگیرکاران و دەربەگایەتیەوە برێندارو شکێندراوە . حەسەن قزەجی لە شکڵی مەتولەژی بە هەندی لە چیرۆکەکانی کێکی وەر گرتوە و خزمەتی گەورەی بە فولکلوری کوردیش کردووە .

٣ – بواری چیرۆک :

سەر لە بەری چیرۆکەکان ، تژی لە هیوا و ئومێد و نووسەر تەسکبین نیە . بوار و مەیدانی وتە بە نرخ و گرانبەهاکانی ، لە شەوازی داستان (ئێپەس) ، بە سەردەمی دەورانی فیئودالیزم دەگەڕێتەوە . ئەگەر ژەرخانی ئابوری خولقێنەری سەرخانی ئابوریە، حەسەن قزلجی ، ئازایانە ، لیهاتوانە لەو بوارەدا، چیرۆکی جوان و ناسک و دڵگری بە زمانی "دە" نوسیوە . چیرۆکەکان خەیان لە کانەی ئیدئولەژی

چینی هەژار دەبینەوە . لە هەستنگاندنی نووسەر " حیزب و یەکخراو" ئامێری خەباتە و لە پێناو دەستە بەر کردنی بەرژەوەند و مافی چینی هەنجبەر تەفسیر و تەرجومە دەکرێنەوە . کورتە چیرۆک ئامێری دەستی نووسەر بۆ خەباتی چینایەتی بووە .
لە چیرۆکی بەهێنەو ناوی مەبۆ ،پێشاژۆ و پێوسەی تێپەڕبوونی کۆمەڵگای کوردستان لە فیئودالیزمەوە بۆ سەرمایەداری بانگەواز دەکات . هاسپاردەکەی بۆ ساتیرێکی پڕ مانا ،خوێنەر ئاگادار دەکاتەوە وهەرس هێنانی قۆناغی دەربەگایەتی جاڵ دەدات . دوو نووسەری پایەبەرزی کورد ، بەهزان : ئیبراهیم ئەحمەد بۆ نووسین و بەاو کردنەوەی دوو هەمان بۆ ناوی کۆمەڵەی وژانی گەل و حەسەن قزڵجی بۆ نووسین و بەاوی کردنەوە پێکەنینی گەدا و پشکۆ نەجمەدین بۆ نووسینی " ئەزمون و یاد " هەڵچنەکی فرە بەرزیان لە قۆناغی ئەدەبیاتی کوردیدا شکاندووە و خزمەتێکی گەورەیان بۆ زمانی ستانداردی کوردی کردووە . لەم چیرۆکانەدا قزڵجی باسی کۆنە پارێزان ، مەمەکان و پاڵازیتەکان و چاوسێرانی ناو کۆمەڵگای کوردەواری دەکات و ، هەڵویستی هەوا و مەژووی دەگرێت و لە بەرهەم هێنەران و خولقێنەران یانی جووتیاران و هەنجدەران پشتیوانی دەکا و بۆ خوێنەرانی دەناسێنێت .
قزڵجی لەم ئاخرانەدا دوو چیرۆکی بۆ ناوکانی چکەم هەق و بچوە قەل نوسیوە . بچوە قەل بۆ جل و بەرگیکەنپارێزان و دماگرژکان تەرخان کراوە . هاوکات لە گەڵ زیندانی کردنی نووسەر ئاو دوو چیرۆکیش بزر و گوم بوون . پێیمانی دوولایی ناوی هێنراوەیکی قزلجیە: واسیلیوچ گوگول روسیا (١٨٥٢-١٨٠٩) ئانتوان چیخۆف روسیا (١٩٠٤-١٨٦٠) گی دومو پاسان فەرانسا (١٨٩٣-١٨٥٠) کاترین منسفیلد ئینگلیزی ، ویلیام فاکنەر ئامریکائی ، ئیوان توگیئنیف روسی، تولستوی روسی، ماکسیم گورکی روسی، گابریل گارسیا مارکز کولومبیایی، ئینست هەمینگوەی ئامریکایی ، خەرخە لوئیز بورخس ، عەزیز نسین تورکیا، سەمەد بیهرەنگی ئازربایجان، ئەحمەد خودا داد کرماشان، لە بواری کورتە چیرۆک ناو بانگیان هەیە و لە مەژوودا ناسراون . مەژووی هەمان و داستان لە ئوروپا ٣٠ سە سەد ساڵ لە رێژەهەڵاتی ناوەاست لە پێش ترە .

٤- دەوری شانۆ :

هەندی لە نوسراوەکانی حەسەنی قزڵجی ، بەرهو سنووری شانۆگەری ملیان ناوە . چەندکەس قسە دەکەن و بیر و باوەی خەیان لە لابەلای وشکاندا دەر دەبڕن . تاج و تەختی کوخا هومەر و خەمی پەموو .

نمونەی چاکی مرۆیدانی شانۆگەرین . چیرۆکی بەهەشت و ناوی مرۆیە ، شیوازی کومیدی هەیە وشانۆیەکی سەرکەوتوانەیە. لەم وتارانەدا چارلەشی وەرزەر و، پڵگەی کۆمەڵایەتی و ستاتوسی ئەنجبەران بە شێوەیەکی سیحرئاوی ، و بە چاکی شی دەکاتەوە و سەرنجی بەنەر رادەکێشێت .

0- کێشەی ژنان و هەڵویستی نووسەر :

لە چیرۆکەکانی "نەدیداری حاجی، نە خەوی مزگەوت " و " نووشتەکەی ئامینە خان " هەڵویستی ڕیزدار حەسەنی قزەجی لە جەپەپەدا نیە و لە جێگای خۆیدا نین . کاتێک بە بایز قارەمانی داستان ، بە فێڵ و زمان لووسی حاجی، ژنی دووهەم (زیبا خانم) لە سابڵاغ مارە دەکەن . ژنە شاریەکە لە ئادەت بەدەر فەخر و لووت بەرزی بە نیسبەت ژنە گوندیەکە (خەزاڵ) نیشان دەدات و بە چاوی سووک و تەحقیرەوە پە دەڵێت ژنە کرمانج . لە وەامی بایزدا ، دەڵێت : خە من کارکەر و قەرەواش نیم بە ژنە کرمانجەکەت بڵێ! ئێگەرچی فەزای داستانەکە وا دەخوازێت ، ئەمما جێگای خۆی و شیاو بوو ، کە لە دەست ئەنگینی وەنج و ئازاری خەزاڵ باسێک کرابا . خەزاڵ وەک ژن ، ئەرکی ئەنج و کارە و لە داوێنی مەینەت و ژیانی دژواری گوند پەروەردە بووە و ، فەرامۆش کراوە .
لە چیرۆکی نووشتەکەی ئامینە خان ، نووسەر هەچ ئیشارە و زانیاریەک سەبارەت بە ئامینە خان بە خوێنەر نادات و دوورە پەرێزە . لە حاڵەکدا ئامینە خان کچێکی گەورەساڵ ، ژیان و گوزەرانی بە مانای واقیعی تراژیدێکی لە تاڕ تاڕتر وەاستەوخۆ بوتە قوربانی نیزام و سیستەمی فیئودالی . لە بەرهەمەکانی قزەجی تەنیا یەک جار " ژن " قارەمانی داستانەکانە . لەم داستانەدا نووسەر تا ڕادەیەکی بەر چاو خەی لە خەم ، پەژارە،ناهومێدی، باری نالە باری ژیانی ئامینەخان بواردووە و لە ئاستیدا هەر بەجارێک ئامینە خان کە خەی قارەمانی داستانەکەیە لە بیر کراوە . دەبوا نووسەر دەرد ، مەینەت ، هەژاری و هەرس هەنانی باری سایکۆلۆژی ئامینە خان و بریندساڵژ نە بوو و ساڵژ نەکراوی باس کردبا و زانیاری کامیلی بە خوێنەران پێشکەش کردبا . خەزگە نووسەرانی کورد سەبارەت بە تراژیدیای " ئاسکە ون بوەکانی" دەشتی گەرمیان ، کە نزیکەی هەژدە کێشکی ناسکەڵ بوون و ، بەعس ئەسیری کردن و لە وەاتانی عەربی وەک کەیلە فرۆشران و ئیستا ژیانیان تاڕ تر لە کەکرەیە، چیرۆکیان نوسیبا.

٦- داگیرکاران و ژیانی نووسەر:

